# تـۆ کاپتنی !

## ئەو کەشتییەی تۆ دەگەیەنێت، بە کەناری سەرکەوتن

نوسـینی

موحسین ئەمـین



پێداچوونەوەی:

دکتۆر بەختیار کەمال تاڵەبانی

ناوی کتێب: تۆ کاپتنی
ناوی نووسەر: موحسین ئەمین
پێداچونەوەو هەڵەچن: شێرزاد عبدالکریم
دیزاینی ناوەوە: زەردەشت کاوانی
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٠
چاپ: ناوەندی ڕێنوێن
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی ( ١٩٧٢ ) ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە

07501269689 07701932749
renwen2009@yahoo.com
hakem1423@yahoo.com
سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

RENWEN

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن ©

# تـۆ کاپتنی !

## ئەو کەشتییەی تۆ دەگەیەنێت، بە کەناری سەرکەوتن

نوسـینی

**موحسـین ئەمـین**

RENWEN

# پێشەکی

دکتۆر بەختیار کەمال تاڵەبانی

ژیان لەشێوەی کەشتییەکدایە. کە هەنگاو بە هەنگاو لە خاڵی سفرەوە دەست پێ دەکات بەرەو کۆتا خاڵی ژیان. بەڕێوەبردنی ئەم کەشتییە پێویستی بە کاپتنێکی باش و وریا هەیە. پێویستە کاپتنی ئەم کەشتییە شارازایەکی تەواوی هەبێت لەگەڵ کەسایەتییەکی بەهێز و ئامانجێکی دیاریکراو، چونکە هیچ کەشتییەک. ناگات بەمەنزڵ ئەگەر کاپتنەکەی لە مێشکی خۆیدا ئامانجێکی دیاریکراوی نەبێت کە هەنگاو بە هەنگاو لێی نزیک بکەوێتەوە. زۆر جار کەشتی تووشی کێشە و گرفت دەبێت. بەتایبەتی لەناوەوەدا کاتێک پارچەکانی کێشەیان هەیە یان کون دەبێت. گەر کاپتنەکە وریا و زیرەک نەبێت کەشتییەکە بەرەو نقومبوون دەبات. نووسەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم کتێبە جوانەوە پێمان بڵێت: کە چۆن کەشتییەکانی ژیانمان بەڕێوەبەرین؟ چۆن کاپتنێکی سەرکەوتوو بین؟ چۆن ستافێکی کەشتییەکەمان بەڕێوەببەین؟ وە چۆن بڕیاری تەندروست بدەین یان چۆن هەنگاوی تەندروست بنێین؟ بە ئومێدی ئەوەی گەنجەکان یان ئەو کەسانەی سەرەتای ژیانیانە. ئەم کتێبە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی فێربن چۆن سەرەتا دەست دەکەن بە کەشتیوانی. چۆن ڕۆڵی کاپتنێکی سەرکەوتوو دەگێڕن بۆ ئەوەی لە هیوا و ئامانجەکانیان نزیک بکەونەوە. دووبارە سووپاس بۆ نووسەر.

**بەهیوای سوودگەیاندن بەگشت لایەک**

# پێشەکی

موحسین حمدأمین شێخە

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی، کە ئێمەی لە نەبوونەوە هێنایە بوون. درورد و سڵاوی خوداش بڕژێت بەسەر مەزنترین و پیرۆزترین دروستکراوی سەرزەمین، پێغەمبەر ( محمد ص).

خوێنەری ئازیز ئەو پەرتووکەی کەلە بەردەستت دایە، هەوڵی تەواوم داوە بەوەی، بەتەواوی ڕاستبینانە و بێ چوونە ناو دونیای خەیاڵەوە باسی سەرکەوتن و ڕێگای سەرکەوتن بکەم!

شتانێک نەنووسم، کە لەژیانی ڕاستەقینەدا ڕووی نەدابێت، وەکو ئەوەی هەندێک خەڵک دەیڵێن: (تەنها قسەی ناو کتێبەکان بێت).

نا، دێڕ بەدێڕی ئەم وشانەی دەیان خوێنیتەوە، کە باسی سەرکەوتن و شکست دەکەن، لەژیانی ئێمەدا ڕوویان داوە و لە داهاتووشدا ڕوودەدەن.

نازانم ئەم کتێبە بچووکە تاوەکوو چەند یارمەتیدەری گەشتەکەی تۆ دەبێت بەرەو سەرکەوتن، بەڵام من دڵنیایت پێدەدەم هەست بەئارامی و ئاسوودەی دەکەیت، چونکە گشت وشەکان هۆنراوەی عەقڵن و بەئاوازی دڵم بۆ ئێوەم نووسیوەتەوە، دەمەوێت شتێکیش هەر لەسەرەتاوە ڕوون بێت لات، ئەویش ئەوەیە، ئەم کتێبە، کە باسی سەرکەوتن دەکات، لە یەکەم هەنگاودا شکستی هێنا! ئەویش ئەو کاتەبوو، کە من بەم کتێبە بەشداریم کرد، لەپشبڕکێیەکی پەرتووک و نەیتوانی پلەی یەکەم وتەنانەت دووەم و سێیەمیش بەدەست بهێنێت! بەڵام من باوەڕم وابوو ئەم کتێبە، شایەنی ئەوەیە بگاتە بەردەستی تۆی خوێنەر و لەناو کتێبخانەیماڵەکەتدا شوێنی هەبێت، چونکە لە شوێنێک بینیم، کەسەرکەوتن تەنها یەک یاسای هەیە ئەویش تەنها سەرکەوتنە.

## کتێبی ( تۆ کاپتنی) پێکهاتووە لە دوو بەش :

### بەشی یەکەم: ڕێگای سەرکەوتن:

لەم بەشەدا قسەمان کردووە، لەسەر گرنگی ئامانج و خۆراگری مرۆڤ، لە ڕێگەی ئامانجەکەیدا. دەمەوێت پێتان بڵێم : سەرکەوتن موڵکی هیچ کەس نییە بەتەنها و گشتمان بەشێکمان بەردەکەوێت لە سەرکەوتن، مەگەر کەسێک بۆخۆی نەیەوێت سەرکەوتوو بێت. مرۆڤیش بەسەرگەردانی دەمێنێتەوە لە ژیان تاوەکو ئەو کاتەی ئامانجێک بۆ ژیانی خۆی دادەنێت، چونکە ئەو کاتەی ئامانجمان دیاری کرد دەتوانین کاری بۆ بکەین و پێی بگەین. بەڵام گەر ئامانجێک نەبێت کار بۆچ شتێک دەکەیت؟ دەتەوێت بەبێ ئامانج چ دەستکەوتێکت هەبێت؟ ئێمە هەموومان وەکوو کاپتنێکی دەریایی واین، کە بەرپرسیارین لە کەشتی ژیانی خۆمان.

تۆ دەبێت باش درک بەوە بکەیت کە تۆ کێیت و دەتەوێت چ شتێک بکەیت؟

ئەوەش بزانیت کەتۆ بۆ ئەوە هاتویتە بوون، کە جیاوازی دروست بکەیت. بۆ ئەو مەبەستەش گرینگترین خاڵ ئەوەیە، سەرەتا ئامانجێک بۆ بوونت دابنێیت، دوایی ئەوەی ئامانجێکت بۆ بوونت دانا گرینگترین کار ئەوەیە دەست بەکار بکەیت، چونکە تۆ باهەر ئامانجێکی مەزنت هەبێت تاوەکوو کاری بۆ نەکەیت ناگەی بەهیچ شوێنێک. هەر بۆیە گوتراوە: (ئامانج مرۆڤی مەزن و بەهێزی دەوێت). ئەو وتەیە زۆر ڕاستە، لە ئامانج گرنگتر ئەوەیە مرۆڤ بوێری ئەوەی هەبێت دەست بەکار بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەی سەرەڕای هەبوونی کۆسپ و تەنگانە لەسەر ڕێی ئامانجەکەت.

هەبوونی ئازار و ئاستەنگیش لەسەر ڕێگای سەرکەوتن شتێکە پێویستی بەبەڵگە هێنانەوە نیە، چونکە هەموو ئەوانەی کە کاروانی ژیانیان دەخوێنیتەوە دەبینیت، کاتێک تامی سەرکەوتنیان چێشتووە،کە بەرگەی زۆر ئازاریان گرتووە. لەبەر ئەوەی سەرکەوتن کەسی لاوازی ناوێت و تەنها کەسانی بەهێز دەتوانن بگەن پێی.

**لەبەشی دووەمدا: دوای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج:**

ئەوەمان ڕوونکردۆتەوە، کە سەرکەوتن هەر چەندێک زەحمەت و قورس بێت و مرۆڤ، لە پێناو سەرکەوتن ئازاری چێشتبێت. ئەوە مانەوە، لە لووتکەی سەرکەوتندا دە هێند قورسە!

چونکە ئەوکات لەسەر مرۆڤەکە پێویستە پارێزگاری بکات لەو ئامانجەی، کە بەشەو و ڕۆژ لەپێناویدا کاری بۆی کردووە.

وە باسی ئەو کەسانەمان کردووە، کە دوای ئەوەی توانیان بگەن بەسەرکەوتن و ئەوەی خەونیان پێوە دەبینی، کەبەدەستی بهێنن، بەڵام توانای ئەوەیان نەبوو تاکۆتایی پارێزگاری لە ڕۆژەکانیان بکەن، لەگەڵ سەرکەوتن بن و بوونەوە هاوڕێی شکست!

بۆیە هاوڕێکەم ئامادەبە و وەرە پێکەوە گەشتێک بکەین بەناو دەریای ژیان و ئامانجەکانماندا. با بەڵێن دووپات بکەینەوە. ڕێگای سەرکەوتن هەرچەندێک دوور بێت و سەختیەکان هەر چەندێک زۆربن ئێمە پێکەوە لەگەڵیان دەجەنگین، لە پێناو بەدەست هێنانی خەونەکانمان.

دوای ئەوی سەرکەوتین ئاهەنگێک سازدەکەین، لەو ئاهەنگەدا گشت ئەو ئازار و نارەحەتیانەی هاتنە پێشمان دەیان سوتێنین و داری هیوا و ئومێدیش دەڕوێنین لە ناخی خۆمان و دەوروبەرمان.

هەر بۆیە تا درەنگ نەبووە لاپەڕەکە هەڵبدەرەوە، بۆ ئەوەی دەست بەگەشتەکەمان بکەین و کار بکەین بۆ ئامانجەکانمان.

هەر لێرەوە پێت دەڵێم: جگە لەسەرکەوتن هەڵبژاردەیەکی ترمان نیە.

داواکارم تا کۆتاپەڕی پەرتووکەکە بخوێنیتەوە، ئینجا بڕیار لەسەر پەرتووکەکە بدەیت.

# ڕێگای سەرکەوتن

## خودناسی ؟

گرینگترین کارێک، کە دەبێت مرۆڤ بیکات، لە ژیانیدا ئەوەیە، بگەڕێت بە دوای خۆی و ئەو گەوهەرە مەزنەی ناخی، چونکە تا کاتێک مرۆڤ، لە گرنگی خودی خۆی تێ نەگات ناتوانێت هیچ دەست کەوتێک بەدەست بهێنێت!

ئەو مرۆڤانەی، کە ویستویانە خۆیان بدۆزنەوە و، لەگرنگی خۆیان تێبگەن زۆر کەمن. هەروەکو (امیرسوتن) دەڵێت: (کەمن، ئەو مرۆڤانەی خۆیان دەناسن، پێش ئەوەی بمرن).

ڕۆژێکیان کوڕێک لە باوکی پرسی: باوکە گیان نرخ و قەبارەی من چەندە لە ژیان؟ باوکەکەش بەردێکی دایە دەست کوڕەکەی و پێی گوت: گەر دەتەوێت نرخ وقەبارەی خۆت بزانیت لە ژیان برۆ بۆ ناو سوپەرمارکێتێک و هیچ مەڵێ، گەر کەسێکیش لە نرخی بەردەکەی پرسی تەنها دوو پەنجەت بەرز بکەوە و تەواو!

کوڕەکە ڕۆیشت بۆ ناو سوپەرمارکێتەکە و لەناویدا هاتووچۆی دەکرد، تاوەکو پیرەژنێک گوتی: کوڕم ئەو بەردە بەچەند دەفرۆشی؟ کوڕەکەش بەبێ دەنگی دوو پەنجەی بەرز کردەوە، ژنەکە وتی: ٢$ دۆلار؟ باشە من دەیکڕم. کوڕەکە ڕۆیشتەوە بۆلای باوکی گوتی: باوکە

پیرەژنێک لەناو سوپەرمارکێتەکە، دەیەوێت بە ٢$ دۆلار بەردەکەم لێبکرێت. باوکیشی گوتی: کوڕم ئەو جارەیان بڕۆ بۆ مۆزەخانە و هیچ مەڵێ گەر کەسێکیش لە نرخی بەردەکەی پرسی، تەنها دووپەنجەی بۆ بەرز بکەوە!

کوڕەکە ڕۆیشت بۆ مۆزەخانە،دوای بیست خولەک لە هاتووچۆکردن و چاوەڕوانی، پیاوێکی تەمەن مامناوەند لێی نزیک کەوتەوە و گوتی: کوڕم نرخی ئەو بەردە چەندە؟ کوڕەکەش بەبێ دەنگی تەنها دوو پەنجەی بەرزکردەوە. پیاوەکە وتی: ٢٠٠$ دۆلار، باشە من دەیکڕم. کوڕەکە بەڕاکردن ڕۆیشتەوە بۆلای باوکی گوتی: باوکەگیان پیاوێک لەناو مۆزەخانەکە ئامادەیە ٢٠٠$دۆلار بدات!

باوکیشی وتی: کوڕم ئێستا بڕۆ، ئەو بەردە بەرە بۆ لای ئەو پیاوانەی بەدوای شوێنەواردا دەگەڕێن. کوڕەکە ڕۆیشت بەرەو چیاکە لەوێ هەندێک پیاو بەدوای شوێنەواردا دەگەڕان. لەوێ کاتێک پیاوە شوێنەوارناسەکە بەردەکەی بینی بەڕاکردنەوە ڕایکرد بەرەو ڕووی منداڵەکە و پێی گوت: ئەی خودایە! من هەموو تەمەنم لە گەڕاندام بەدوای بەردێکی لەو شێوەیە. ئایە ئەم بەردە بەچەند دەفرۆشیت؟ کوڕەکەش بەبێ دەنگی تەنها هەردوو پەنجەکەی بەرزکردەوە. پیاوەکە گوتی: ٢٠٠٠٠$ دۆلار؟ باشە من دەمەوێت.

کوڕەکە سەرسام بوو! بەڕاکردن و هاوارکردنەوە ڕۆیشت بۆلای باوکی گوتی: باوکە باوکە، پیاوە شوێنەوارناسەکە ئامادەبوو ٢٠٠٠٠$ دۆلار بدات.

باوکەکەش سەیرێکی کوڕەکەی کردوو گوتی: بینیت کوڕم نرخ و قەبارەی ژیانی خۆت؟! کوڕم ژیان هەمووی دەربارەی ئەوەیە تۆخۆت لە چ شوێنێک دەبینیتەوە. تۆ دەتوانی بڕیار بدەیت ئاخۆ ٢$ دۆلاری بەردەکە دەبەیتەوە، یان ٢٠٠٠٠$ دۆلاری بەردەکە؟ئەوەش ئەو کاتە

دەبێت بزانی نرخ و شوێنی تۆ چ شوێنێکە؟ دەبێت بوێر و ئازا بین بگەڕێین بۆ ئەو گەوهەرەی ناخمان و خۆمان بدۆزینەوە و هەوڵبدەین بگەین بەو شوێنەی کە شایستەی ئێمەیە.

ئێمە نابێت ترسنۆک بین و بهێڵین ئەو گەوهەرەی ناخمان بەهەدەر بڕوات. وتراویشە: (دەوڵەمەنترین خاکی سەرزەمین، گۆڕستانەکانن). دەزانیت بۆچی ؟ مۆرڤ گەلێک هەن، لەناو گۆڕەکانیان ڕاکشاون، کە خاوەنی بەهرە و توانایەکی ئێجگار زۆر بوون، بەڵام باوەڕبەخۆنەبوون و نەناسینی خۆیان کە خاوەنی چ توانایەکی زۆرن و ترس لەوەی ئاخۆ خەڵک چیان لە بارەوە دەڵێت، هەروەکوو چۆن جەستەکەیان بردرا ناوگۆر ئەوانیش بەو شێوەیە خەون و تواناکانی خۆیان بردە ژێر گۆڕ.

(لیس براون) دەڵێت: { بێنە بەرچاوت تۆ لەسەر لێوار مردنی. وە کۆمەڵێک تارمای لە دەوری جێگاکەت کۆدەبنەوە کە وێنای ئەوتوانایانەی تۆ دەکەن کە بەکارت نەهێناون. لەدەوری جێگاکەت کۆدەبنەوە و هەست بە تورەیی و نائومێدی و بێزاری دەکەن. پێت دەڵێن: ئێمە هاتین بۆلای تۆ دەتتوانی ژیان بە ئێمە ببەخشیت، وە ئێستاش لەگەڵ تۆ دێین بۆناوگۆڕ}.

لەئێستاوە بگەڕێ بۆ خۆت و ئەو توانا شاراوانەت و بەکاریان بخە، پێش ئەوەی ڕۆژێکت بەسەر دابێت کە نائومێدی سوودی نەبێت.

بۆیە دەبێت بگەڕێیت بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا: من کێم؟ بۆچی لێرەم؟ دەمەوێت چی بکەم؟ دەمەوێت بگەم بە چ شوێنێک؟ ئایە ئەو بارودۆخەی ئێستا تێیدا دەژیم ئەوەیە کەمن دەمەوێت؟.

هەر کاتێک ئێمە، وەکو پاڵەوانێک توانیمان وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارانەی ناخمان بدۆزینەوە، دەتوانین گۆڕانکاری دروست بکەین. ژیانێکی باشتر و جوانتر بنیات بنێین، چونکە بەهەشت و دۆزەخی هەریەکێکمان کە تێیدا دەژین بریتیە، لە بیرکردنەوەی خۆمان و ناسینی خودی خۆمان بۆ ژیانمان.

بۆیە هاوڕێکەم وەرە پێکەوە هەوڵبدەین داهاتوویەکی جوان و هیوا بەخشانە دروست بکەین و کار بکەین، بۆ ئەو خەون و ئامانجانەی، کە شەوانە خەونیان پێوە دەبینین، با کاریان بۆ بکەین.

زانایەک دەڵێت: (هەندێک خەون بەسەرکەوتنەوە دەبینن، لە کاتێکدا کەسانێکی تر هەنە لەوکاتەدا کار دەکەن، بۆ ئەوەی خەونەکانیان بکەن بە ڕاستی). وەرن واز بهێنین، لەخەو بینین و کار بکەین.

بەڵێ، کارکردن بۆ هەموو ئەو شتانەی کە واهەست دەکەین دەبێت ئێمەش هەمان بێت و چێژیان لێببینین و بیسەلمێنین کە هەمووان شایەنی ئەو شتەین، کە دەمانەوێت. هەر ئەوەندە بەسە، کەشتی ئامانجەکانمان لەناو دەریای ژیان بەڕێ بخەین. بڕۆین بەرەو ئەو ئامانجەی، کە لەوسەر، بەتاسەوە چاوەڕێی ئێمەیە.

## ئامانجت دیاری بکە !

گەر کەسێک خاوەنی باشترین کەشتی جیهان بێت، بەڵام نەزانێت بۆ چ شوێنێک دەچێت و ڕێ بکات بە بێ ئامانج، یان دەبێت بێ سوود لە ناو دەریا بجوڵێتەوە یان ئەوەتا خۆی دەکێشێت بە شاخێک و تێک دەشکێت و نقووم دەبێت!

بۆیە تۆی کاپتن دەبێت بزانیت بۆ چ شوێنک دەڕۆیت و چیت دەوێت؟ کەسانێک هەن دەیانەوێت ببن بەخاوەنی کۆمپانیایەکی مەزن، وە کەسانێکیش هەن دەیانەوێت ببن بەیاریزانێکی ناسراو یان کەسانێک هەن دەیانەوێت بەو دەنگە خۆشەیان ناوبانگێک بۆخۆیان دروست بکەن و گۆرانیەکانیان لەسەر زاری خەڵک بمێنێتەوە،هەروەها کەسانێکی تریش هەن دەیانەوێت ببن بە ئەکتەر و فیلم دروست بکەن وکەسانێکیش هەن، هەموو ئەو شتەی دەیانەوێت ئەوەیە، هاوسەرێکی باشیان دەست بکەوێت و ژیانێکی سادە و دوور لە جەنجاڵی و فلاشی کامێراکان و سەردێری سەرکەناڵەکان بەسەر ببەن ..هتد.

هەر بۆیە ئامانجەکەت هەر شتێک بێت گرنگ ئەوەیە کاری بۆ بکەیت و باوەڕت وابێت، ڕۆژێک دێت پێی دەگەیت و لە باوەشی دەگریت.

هەربۆیە ئامانجەکەت، لەسەر نەخشە دیاری بکە و دواتر دەست بکە بە ئامادەکارییەکان و کەشتی ئامانجەکانت لەناو دەریای ژیان بەگەڕبخە.

(معتز مشعل)، کەیەکێکە لە بەناوبانگترین ڕاهێنەرەکانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی، لەوڵاتانی عەرەبی دەڵێت: (ئامانج بەبێ نەخشەیەکی کاتی دیاریکراو وەکو سەڕابێک وایە، دەیبینیت، بەڵام ناتوانی بەدەستی بهێنی وەکو ئەوەی دەتەوێت و حەزت لێیەتی). بۆیە هەر ئێستا کاغەزێک بهێنەو ئامانجە مەزنەکەتی لەسەر بنووسە.

دەگێڕنەوە.. ڕۆژێک پیاوێکی گەشتیار بەڕێگایەکدا دەڕۆیشت، گەیشت بەڕێگایەک ولەپیرە پیاوێکی پرسی: ئەو ڕێگایە بۆ چ شوێنێک دەڕوات؟ پیرە پیاوەکەش پرسی: تۆ دەتەوێت بۆ چ شوێنێک بڕۆیت؟ پیاوەکەش وەڵامی دایەوە: نازانم. پیاوە پیرەکەش وتی: کەواتە هەر ڕێگایەک دەتەوێت پێیدا بڕۆ!!!.

گەر نەزانیت بۆ چ شوێنێک دەڕۆیت؟ ڕۆیشتن بێ سوودە و تەنها کات کوشتنە. بۆیە سەرەتا بزانە بۆ کوێ دەڕۆیت ؟پاشان بەڕێ بکەوە.

ئامانجی ڕۆژانە بنووسە، کە دەبێت هەر ڕۆژێک، کە لەخەو هەڵدەستیت چ کارێک ئەنجام بدەیت ؟ شەوانەش بەر لە خەوتن چاوێک بە کاری ئەو ڕۆژەت دابهێنەوە بۆئەوەی، ئەو حەوت ڕۆژەی هەفتە، بەجوانترین شێوە بەڕێ بکەیت، دواتریش لەماوەی ئەو چوار هەفتەیە، کە دەکاتە مانگێک چ دەست کەوتێکت هەبوە و ئەو دوازدە مانگەی تێشپەڕی، کە دەکاتە ساڵێک چ کارێکت کرد ؟بۆ ئەوەی لە ئامانجەکەت نزیکت بخاتەوە، یان ئەو ئامانجەی دیاریت کردبوو بۆ ئەو ساڵە بەدەستت هێناوە. وە لەخۆت بپرسە،ئایە گەر بێت و بەو شێوازەیە کەشتیەکەم ڕێ بکات دەگەم بە ئامانج؟!.

گەر هاتوو، ئەو ڕێگایەیی کارکردنەت نەیتوانی، لە ئامانجەکەت نزیکت بخاتەوە، ئەوا دەبێت ڕێگای کارکردنت بگۆڕیت، چونکە بیرت بێت کاپتنێکی سەرکەوتوو، بۆ ئەوەی بگات، بە ئامانجەکەی ڕەنگە ڕێگاکەی بگۆڕێت، لەناو دەریادا، بەڵام هەرگیز ئامانجەکەی ناگۆڕێت و لەبیری ناکات.

کاتێک وبۆ ئەو ئێوارەیەی کە (ئەدیسۆن و شاگردەکە)ی ( ٩٩٩ ) جار شکستیان هێنا،لە دروستکردنی گڵۆپی کارەبایی!

شاگردەکە بە ئەدیسۆنی گووت: گەورەم ئێمە وا بۆ جاری ( ٩٩٩) شکستمان هێنا! باشتر وانیە دەست هەڵبگریت وازبهێنیت؟

ئەدیسۆنیش سەیرێکی کرد و بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوت: نەخێر، چونکە فێری ئەوە بووین کە (٩٩٩) ڕێگە هەیە، کە ناتوانین گڵۆپی کارەبایی پێ دروست بکەین.

ئەوە بوو دواتر ( ئەدیسۆن ) لە کارەکەی سەرکەوتوو بوو، خەڵک تاوەکوو کۆتایی ژیانیان لە ژێر ڕۆشنایی گڵۆپەکانی ئەودا کاردەکەن.

سەیر بکەن (ئەدیسۆن) هەرگیز وازی نەهێنا، لە ئامانجەکەی، کە دروستکردنی گڵۆپ بوو، بەڵکو هەموو جارێک، کە شکستی دەهێنا، ڕێگای کارکردنی خۆی دەگۆڕیی.

خەونەکەت بەبچووک مەزانە، گەورەترین دارێک کە ئێستا دەبینرێت، ڕۆژانێک، تەنها تۆیەکی بچووک بوو.

**گرووپێک دروست بکە:**

کاپتنێک ناتوانێک بەتەنیا کەشتییەکەی بگەیەنێت بە کەنار دەریا، چونکە پێوستی بەیارمەتی کۆمەڵێک کەسی تر و شارەزا هەیە بۆئەوەی یارمەتی بدەن لەو کارەدا. هەربۆیە تۆش هەوڵبدە کەسانێکی زیرەک و بەتوانا لە دەوری خۆت و ئامانجەکەت کۆبکەیتەوە وبۆئەوەی هاوکارت بن لەو ڕێگایە، بۆ ئەوەی بگەیت بەو ئامانجەی دەتەوێت.

پێغەمبەر (موحەمەد) (د.خ) کاتێک، کە بوو بە پەیامبەری خودا هەستا بە کۆکردنەوەی هاوڕێ و خزم و ناسیاوەکانی. دەزانن بۆچی؟ چونکە ئەوان دەبوون بەیارمەتیدەری و گەیاندنی پەیامەکەی و ئەوانیش ڕزگاریان بوو، لە تاریکی و گەیشتن بە ڕووناکی.

هەروەها (مارک زوبێرگ) ئەوکاتەی بیرۆکەی دروستکردن و دامەزراندنی کۆمپانیای فەیسبووکی بەخەیاڵدا هات، بانگی سێ لە نزیکترین و زیرەکریت هاوڕێکانی کرد ئەویش ئەوەبوو، دوو لە هاوڕێکانی بوون بە یارمەتیدەری، دەستیان پێکرد.ئێستا فەیسبووک بۆتە یەکێک، لەو

تۆڕانەی زۆرترین بەکارهێنەری هەیە و زۆرترین قازانج دەکات و ئەو دوو هاوڕێیەشی بوون بە خاوەنی سامانێکی زۆر. تۆش کاپتن، گروپێک دروست بکە، کە شەو بخەنە سەر ڕۆژ  و کار بکەن بۆ ئەو ئامانجە مەزنە، چونکە دڵنیام ئەو ئامانجەی تۆ دەبێتە فریادڕەسێک بۆ خۆت و کەسانی دەوروبەرت وپێکەوە بەو پەڕی خۆشەوستی و دڵسۆزیەوە کار بکەن بۆ ئەو شتەی دەتانەوێت. (ڕۆس برات) دەڵێت: {من کاتێک دەست دەکەم بەدروستکردنی گروپەکەم، هەمیشە دەگەڕێم بەدوای ئەوە کەسانەدا، کە حەزیان لە سەرکەوتنە، وە ئەگەر نەمتوانی هیچ یەکێک لەو کەسانە بدۆزمەوە دەگەڕێم بۆ ئەو کەسانەی ڕقیان لەشکستە}. بۆیە سووربە لەسەر ئەوەی کەسانێک لەم گەشتە لەگەڵ تۆ بن، کە عاشقی سەرکەوتن بن و دوژمنی شکست بن.

ئەوەشتان بیر بێت مرۆڤ بەتەنها ناتوانێت شتێک بەدەست بهێنێت ئەویش ئەو شتەیە، کە خودی مرۆڤەکە نایەوێت، ئەگینا مەحاڵە و هەزارجاریش مەحاڵە کەسێک بدۆزیتەوە شەو و ڕۆژ کار بکات، بۆ بەدەستهێنانی شتێک و نەیتوانیبێت بەدەستی بهێنێت. بۆیە گەر دەتەوێت بگەیت بە گەنج پێویستە ڕەنج بدەیت.

> گەر دەتەوێت ببیتە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوت و گروپێکی ناوازەت هەبێت. دەبێت پێش هەموویان دەست بەکار بیت و دوای هەموویان دەست لە کار هەڵبگریت.

## لەسەرەتاوە کۆتایی ببینە !

ئەوەی لە سەر تۆ پێویستە بیکەیت کاپتن، ئەوەیە پێش ئەوەی دەست بکەین بە گەشتەکەت، هەر لەسەرەتاوە بهێنیتە بەرچاوت، کە دەتەوێت بگەیت بە چ شوێنێک؟ ستیڤن کۆڤی دەڵێت:( دەست پێبکە و کۆتایەکەی، لە مێشکتدا بنەخشێنە). هەرگیز نەبوە و نابێت دەرهێنەرێکی فیلم بێت و گشت ئەکتەر و بەرهەمهێنەرەکان کۆبکاتەوە، پێیان بڵێت :پارەکانتان بهێنن با فیلمێک دروست بکەین. نەخێر دەرهێنەرەکە سەرەتا دەستپێکی فیلمەکەیان، بۆ باس دەکات و کۆتایی فیلمەکەشیان بۆ وێنا دەکات. فیلمەکە دەگات بەچ شوێنێک لە کۆتایدا؟

(ئارنۆڵد سچوارزێنجەر) باسی گەشتەکەی خۆمان بۆ دەکات، چۆن کاتێک لەسەرەتاوە دەستی پێکرد؟ کۆتایەکەی لەناو مێشکی خۆیدا وێنا کردبوو دەڵێت:{من لە ساڵی( ١٩٤٧ز) لە نەمسا، لە دایک بووم پاش جەنگی جیهانی دووەم، من ئەو کاتەی تازە پێگەیشتووبووم حەزم بەنەمسا نەدەکرد. نەمدەتوانی وێنای خۆم بکەم وەکو جوتیارێک یان وەکو کرێکارەک لە کارگەیەک یان شتێکی لەو شێوەیە. لەگەڵ ئەوەی دایک و باوکم داوایان لێکردم لای ئەوان بمێنمەوە و ژیانێکی سادە بژیم. باوکم دەیویست وەکو خۆی ببم بە ئەفسەری پۆلیس و دایکم دەیویست لەوێ بمێنمەوە و هاوسەرگیری بکەم و منداڵ بخەمەوە. بەڵام ئەوە تێڕوانینی ئەوان بوو نەک تێڕوانینی من. ڕوانینی من بەتەواوەتی جیاواز بوو. من واهەستم دەکرد من بۆ شتێکی تایبەت دروستکراوم، شتێکی ناوازە، شتێکی مەزن! بۆیە من گەڕام و بیرمە، لە قوتابخانەبووم و تەمەنم یازدە ساڵان بوو، ڕۆژێکیان بەرنامەیەکی دیکۆمێنتاریم بینی دەربارەی( ئەمریکا) لەناکاو لەناخمدا بڕیارێکمدا وتم: ئەوە ئەو شوێنەیە

دەمەویت بۆی برۆم. من نامەویت لێرە بمێنمەوە لە نێوان جوتیار و باڵەخانەی بچووکدا، کە هەمووشتێکی کۆن بوو. من دەمەویت، لەئەمریکا ژیان بکەم. بۆیە گەورەترین خەمم بوو، بەوەی چۆن بگەم بە ئەمریکا؟ چونکە ئەو کات تێچووی گەشتکردن زۆر گرانبوو. ڕۆژێکیان پاش دەوامی قوتابخانە لە ناو شاری (گراتس) بەتەنیشت دوکانێکدا ڕۆیشتم، کە ئەو دووکانە تاکە شوێن بوو، کە بەرهەمی ئەمریکی دەفرۆشت. کاتێک ڕۆیشتمە ناو دووکانەکە و لەناویدا گەڕام. گۆڤارێکم بینی، کە بۆ فرۆشتن بوو و گۆڤارەکە گۆڤاری لەش جوانی بوو لەسەر بەرگەکەی وێنەی ( ڕیج پارک) دانرابوو. ئەو کات (ڕیچ پارک) سێ جار بوو بوو بە( پیـاوی گـەردوون) منیش بینی بووم، لە سینەما بە ڕۆڵی (هەرقل).

لەسەر بەرگەکە نووسرابوو چۆن پاڵەوانی لەش جوانی(ڕیچ پارک) بوو بە پاڵەوانی فیلمی(هەرقل)؟ کاتێک بەرگی ئەو گۆڤارەم بینی بەخۆم وت: پێویستە من ئەو گۆڤارە بکڕم! گۆڤارەکەم کڕی و بردمەوەماڵەوە و گۆڤارەکەم، لە بەرگەوە بۆ بەرگ خوێندەوە. هەموو وردەکاریەک باسکرابوو، چۆن ڕاهێنان دەکات و چۆن کار دەکات لە شاری (لیدز) لە بەریتانیا و لە شارێکی پیشەسازی ڕۆژانە سێ بۆ چوار کاتژمێر ڕاهێنان دەکات تاوەکوو بوو بەبەهێزترین پیاوی ئەوروپا. چۆن بۆتە براوەی نازناوی (پیاوی ئەوروپا) و (پیاوی بەریتانیا) پاشانیش نازناوی ( پیاوی گەردوون). هەروەها چۆن بۆ جاری دووەم و سێیەم بۆتە براوی نازناوی(پیاوی گەردوون). پاشانیش هەڵبژاردنی بۆ ڕۆڵ بینین لە فیلمی (هەرقل). کاتێک هەموو ئەوەی نوسرابوو خوێندمەوە بەخۆم وت: ئەی خودایە... ئەوە ئەو نەخشەیەیە کە ژیانی منی لەسەر دەڕوات. ئەوە ئەو شتەیە کە دەمەوێت لە ژیان بیکەم. دەمەوێت ببم بە پاڵەوانی لەش جوانی وەکوو (ڕچ پارک) و دەمەوێت لە فیلمی سینەمای بەشداری بکەم و دەمەوێت ملیۆنان دۆلار بەدەست بهێنم و دەوڵەمەند و بەناوبانگ بم! هەر وەکو (ڕیچ پارک). دەزانن چەند هەستێکی مەزن بوو ئەو

کاتەی من ئامانجەکەی خۆم دەزانی؟ بێنە بەرچاوتان زۆر بەی خەڵکی نازانن چیان دەوێت بەدەستی بهێنن. بەڵام من دەمزانی چیم دەوێت. بابەتەکەش ئەوەبوو چۆن بتوانم بەدەستی بهێنم؟ چونکە کاتێک تۆ خاوەنی ئامانجێکی تێدەکۆشیت بۆ بەدەستهێنانی، هەموو شتێک ئاسان دەبێت. خەڵکی هەمیشە لێم دەپرسن ئەو کاتەی لە هۆڵی لەشجوانی منیان دەبینی چۆن دەبێت تۆ بۆماوەی پێنج بۆ شەش کاتژمێر ڕاهێنان بکەیت و زەردەخەنەش لەسەر ڕوخسارت بێت، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە ڕوخساریان گرژ و مۆن دەکەن؟ بۆچی؟ منیش دەم گوت: من هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک دەدەم. ئامانجی من ئەوەیە، نازناوی(پیاوی گەردوون)بەدەست بهێنم،وە هەر ڕاهێنانێک، کە ئەنجامی دەدەم زیاتر لە ئامانجەکەم نزیکم دەخاتەوە کە هەوڵی بۆ دەدەم. کاتێکیش تەمەنم بوو بە بیستساڵان ڕۆیشتم بۆ (لەندەن) و بوومە براوەی نازناوی( پیاوی گەردوون) وە من بچوکترین کەسێک بووم ئەو نازناوەم بەدەست هێنا بێت. ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو ئامانج و تێڕوانینم هەبوو بۆ کۆتایەکەی .بۆیە ڕوانینتان دیاری بکەن و بۆی تێبکۆشن}.

ئێستا من داوات لێدەکەم، تۆ چاوەکانت دابخەیت. بهێنە بەرچاوت گەیشتنت بە ئامانجەکەت چ خۆشیەکە؟!

تۆ بوویت بەو بەرێوەبەری، کە کەسانێکی زۆر لە ژێردەستدا کار دەکەن و بەکارکردن لەگەڵ تۆ دڵخۆشن! یان بوویت بەو گۆرانیبێژەی خەونت پێوە بینیوە، وا هەمووان ئامادەی کۆنسێرتەکەت بوونە و گۆرانیەکەی تۆ دەڵێنەوە یان ئەو نووسەرەی، کتێبەکەت بۆتە یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی کوردستان. ئەو کاتە خۆی بۆ ناو ژیانت دێت و دڵخۆش دەبیت و دەگریت و هاوار دەکەیت و ئاهەنگ دەگێڕیت!

باشترین کارێکیش، کەئەنجامی بدەیت دوای ئەوەی چاوەکانت کردەوە ئەوەیە، باوەڕت وابێت ئەوەی لە خەیاڵدا بینیت دەتوانی لە

ڕاستیشدا بەدەستی بهێنیت. هەربۆیە دڵخۆشبە هەر ڕۆژێک، کە دەڕوات واگومان بکە، لە ئامانجەکەت نزیک دەکەویتەوە . بۆیە دەست بکە بە گەشتەکە و بهێنە بەرچاوت لە کۆتایدا بە چ شوێنێک دەگەیت؟

(تید لیفیت) دەڵێت: (داهاتوو موڵکی ئەو کەسانەیە، کە دەتوانن دەرفەتەکە ببینن پێش ئەوەی ڕوون و دیار بێت بۆ ئەوانی تر).

> پێش ئەوەی یاریەکانی پاڵەوانیەتیەک دەست پێ بکات، جامی ئەو پاڵەوانیەتیە نیشانی گشت ئەو تیمانە دەدرێت، کە بەشداری ئەو پاڵەوانیەتییە دەکەن. بۆ ئەوەی پێیان بڵێن: ئەوە ئەو جامەیە کە پێتان دەبەخشرێت کاتێک براوە دەبن. ئەو کاتەش گشت تیمەکان بەئومێدی بەدەست هێنانی ئەو جامە دەست دەکەن بەئامادەکاری و یاریکردن.

## پێش هەنگاوی یەکەم:

هاوڕێیەکەم دەمەوێت بەڕاستگۆی بۆت بدوێم: سەرکەوتن ئاسان نیە، گەر سەرکەوتن ئاسان بوایە هەمووان بەبێ هیچ هەوڵدان و شەونخونییەک گەیشتبان بەوەی کەدەیان ویست، ئەوکات شتەکات نرخی ڕاستەقیەنەی خۆیان لەدەست دەدا. بێنە بەرچاوت ئەوانەی لەناو دەریا، بەدوای مرواریدا دەگەڕێن، دەبێت بچنە قوڵای دەریاکە، بۆ ئەوەی تەنها مرواریەک بدۆزنەوە و دواتریش بەونرخەی خۆیان ئارەزووی دەکەن دەیفرۆشنەوە!

بەڵام گەر هاتباو مرواریەکان وەکوو خیز و چەوی کەنار دەریاکان زۆربایەن، ئەوکات کەس بەلای مرواریەکاندا نەدەڕۆیشت و ئەو نرخە گرانبەهایەی نەدەکرد.

بۆ سەرکەوتن و ئامانجەکانیش لە ژیان هەمان شت ڕاستە. دەتەوێت سەربکەویت؟ سەردەکەویت، بەڵام! دەبێت ئازاری سەرکەوتنیش بچێژیت. وەکوو وتراوە:( هەموو شتێک باجی خۆی هەیە. باجی سەرکەوتنیش ئەو ئاستەنگ و ڕێگریانەیە کە دێتە پێشت).

بۆئەوەی لەو وتانەش دڵنیابیتەوە سەیرێکی ژیاننامەی کەسایەتییە دیارەکانی جیهان بکەوە، دەبینیت ئەو ئیمپڕاتۆریەتیەی ئێستا بنیاتیان ناوە لەناکاو و پڕێکەوە دروست نەکراون.

( جاک ما) ئەو پیاوە چینیەیی، ئێستا هەمووان وەکوو ڕەمزی سەرکەوتن و کۆڵنەدان سەیری دەکەن،لە ژیانیدا ڕووبەڕووی سەدەها ئاستەنگ و ڕێگری بۆتەوە،کە ئەمانە هەمووی بەهانەی باشبوون، بۆ ئەوەی (جاک ما ) وازبهێنێت، لەوەی کەدەیەوێت، بەڵام ئەو وەکو چیای هیمالایە بەهێزبوو. نەخێری کرد بۆ کۆڵدان و بەهاوارێکی بەرز وتی:

بەڵێ من دەتوانم و سەردەکەوم. ئەمڕۆ (جاک ما) خاوەنی سەروەتێکی یەکجار زۆرە و بەدەوڵەمەنترین پیاوی چین دادەنرێت! دوای ئەوەی لە بەرواری (١٩٩٩/٤/٤) لە شاری (هانگژو) پێگەی عەلی بابەی دامەزراند.

هەربۆیە بوێربــە. مەترسە لە نەخێرەکان و مەهێڵە چۆکت پێدابدەن، بەڵکو لە ئاست ئەو نەخێرانەدا خۆت وەکو نابیستێک نیشان بدە و وابێنە بەرچاوت کە پێت دەڵێن: بەڵێ.

ڕۆمان نووسی دیاری ئەمریکی (ستیڤن کینگ) کاتێک ویستی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی بەناوی (کاریی) بڵاوبکاتەوە. لە (٣٠) ناوەندی بڵاوکردنەوە و چاپکردن، نەخێریان پێگووت. ئەمەش وایکرد (ستیڤن

کینگ ) کتێبەکەی بهاوێتە ناو تەنەکەی خۆڵەوە، بەڵام خێزانەکەی کتێبەکەی دەرهێنایەوە و بە (ستیڤن کینگی) گوت: نەخێرەکان واتای ئەوە نین، ڕۆمانەکەی تۆ شایەنی خوێندنەوە و بڵاوکردنەوە نەبێت، هانیدا دووبارە بڕوات و بیبات بۆ ناوەندێکی تر. دوای ئەوە ڕۆمانەکە بڵاوکرایەوە و سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەست هێنا، لە ئێستادا زیاتر لە( ٣٥٠ ) ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە. هەربۆیە دەبێت نەخێرەکان ساردت نەکەنەوە لە ئامانجەکەت، بەڵکو دەبێت نەخێرەکان، وەکو ئەوە وابن بەنزین بکرێت بە ئاگردا و گڕ و تینی سەرکەوتنت زیاتر بکەن. لە نەخێرەکان مەترسە، چونکە من دڵنیات دەکەمەوە توشی نەخێر و ئاستەنگ دەبیت. مەحاڵە خۆت بهاوێیتە بنی دەریاوە بۆ بینینی مرواریەکان و تەڕنەبیت. بەڵکوو تۆ گوێ نادەیت بەوەی کەتەڕبویت، چونکە شتێکی مەزنتر دەست دەخەیت کە مرواریەکانن. بۆیە دڵگران مەبە و هەنگاو بهاوێژە بەرەو پێشەوە بۆ لە باوەشکردنی ئامانجە مەزنەکەت.

“

بەڵێنێکە و بە ئامانجەکەم داوە، سەختی گەیشتن
بەتۆ، هەرچەندێک بێت ئامادەم قبوڵی بکەم.

”

## هەنگاوی یەکـــەم:

کاپتن یەکەمین و گرینگترین کارێک، کەتۆ پێویستە ئەنجامی بدەیت، ئەوەیە هەنگاوی یەکەم بهاوێژیت و کەشتیەکە بەگەڕبخەیت بۆ ناو دەریا زانایەک دەڵێت: (ڕێگایەکی هەزار میلی، بەیەکەم هەنگاو دەست پێ دەکات. هەر بۆیە دەبێت خۆت و هاوکارەکانت ئامادە بن بۆ یەکەم هەنگاو بەرەو ئامانجە مەزنەکەتان و بنیاتنانی داهاتوویەکی گەشاوە).

وە قورسترین هەنگاوێکیش هەنگاوی یەکەمە، چونکە زۆرێک لەوە دەترسن شکست بهێنن، بۆیە هەرگیز ئەو هەنگاوەش ناهاوێژن. کەسانێکی زۆر خەون و ئاواتی زۆریان هەبوو، بەڵام ترس لە دەستپێکردن و دواخستنی خەونەکانیان وایلێکردن تەنها لە خەودا خەونەکانیان ببینن!

لە هێواش ڕۆیشتنت مەترسە بەڵکو ئەوەی پێویستە لێی بترسیت ئەوەیە، مانەوەتە لە شوێنی خۆت. لاوازترین مرۆڤیش ئەو مرۆڤەیە ڕێگە بدات خەونەکەی وەکو خۆر لەپێش چاوەکانی ئاوابێت. بەڵام کاپتن تۆ بە هێزی و ئازایەتی ئەوەت هەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببیتەوە و لەگەڵ شەپۆلەکان بجەنگیت و کەشتیەکەت بگەیەنیت بە کەنار بەسەرکەوتووی.

بەڵێ، ئێستا باشترین کاتە. بۆیە دەست پێبکە، تاوەکو چرکەیەک زووتر دەست پێبکەیت، چرکەیەک زووتر دەگەیت. ئەنتۆنیۆ ڕابینز دەڵێت: (باشترین کارێک کەبیکەین ئەوەیە دەست بەکار بکەین).

باشترین کارێکیش کە پێویستە کاپتنێکی سەرکەوتوو ئەنجامی بدات ئەوەیە، بەیانیان زوو لەخەو هەڵبستێت و جێگای خەوتنەکەی ڕێک بخات. ( ئەدمیراڵ ولیام إتش ماکرافن) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (جێگای خەوتنەکەت ڕێک بخە) دەڵێت: گەر دەتەوێت جیهان بگۆڕیت، ئەوا جێگای خەوتنەکەت ڕێک بخە!

ئەو کارە وات لێدەکات گەر هەر چەندێک کار و باری ڕۆژەکەت قورس بێت بۆ ئێوارە، کاتێک دەگەڕێتەوە هەست بەوە بکەیت هەموو شتێک باشە.

زەردەخەنە بەرامبەر هاوکار و هاوڕێکانت بکە، ئەوا وادەکات ئەوان هەست بەئارامی و ئاسوودەی بکەن بەکارکردن لەگەڵ تۆدا.هەر بۆیە هەر ڕۆژێک، کە تۆ یان بینی لەناو کەشتی ئامانجەکانتان با ئەو زەردەخەنەیەی تۆ وایان لێ بکات، گشت ئەو نارەحەتی و ئازارانەی، کە کەشتی ژیان تووشی کردوون لە بیریان بچێتەوە، چونکە بەهێزترین خاڵی کاپتنی سەرکەوتوو ئەوەیە، ئەو کەسانەی کاریان لەگەڵ دەکات وایان لێدەکات هەست بە ئارامی بکەن. لەبەرئەوەی کاتێک ئامادەبووانی کەشتییەکە خۆشحاڵ نەبوون بە هەبوونی کاپتنێکی وەکو تۆ، کەشتیەکە، یان لەسەرەتاوە پەکی دەکەوێت، یان بەئەستەم دەگات بەو شێوەیەی دەتانەوێت بگەن. وەهەمیشە ئەوە بیری گروپەکەت بهێنەوە، کەبەسەرکەوتن هەمووان شاد دەبن و بەشکستیش هەمووان ڕۆدەچن!

گەرهاتوو هەمووان بەگەرم و گوڕیەوە لەگەڵت بوون، لە یەکەم هەنگاوە وە، تێگەیشتن چیتان دەوێت؟ ئەوکات کارەکان لەسەر پشتی کەشتیەکەتان باش دەڕۆن و بەخۆشحاڵیەوە دەست دەکەن بەگەشتەکەتان بەرەو سەرکەوتن.

> ئەوکاتەی تۆ هەنگاوی یەکەم دەهاوێژیت بە هەمووان دەڵێیت: لە کاتی گەیشتن بەئامانج دەتان بینمەوە!

# ئاگاداری جەستەت بە!

مرۆڤ، دەبێت باش ئەوە بزانێت جەستە، وەکو ئەو کەشتییە وایە، کە دەتگەیەنێت بە شوێنی مەبەست. گەر کاپتن خاوەنی کەشتییەکی بەهێز و پتەو نەبێت ناتوانێت بگات بەو کەنارەی دەیەوێت کەشتیەکەی لەنگەری لێبگرێت.

وەکو گوتراوە (عەقڵێکی تەندروست، لە جەستەیەکی تەندروست دایە!). بۆیە لەسەرمان پێویستە بزانین چ شتێک دەکەینە ناو ئەو جەستەیەوە؟. چ خۆراکێک دەخۆین؟ یان چ هەوایەک هەڵدەمژین؟ چ کاتێک دەخەوین؟ چ کاتێک لەخەو هەڵدەستین؟ وە ئاگاداری جەستەمان بین لەوەی نەهێڵین شتی زیان بەخشی بچێتە ناو وەکو (جگەرە)، چونکە وا لە جەستەت دەکات ڕۆژ بەڕۆژ بێهێزتر بێت و ڕۆژێکت بەسەردا بێت پەکت بکەوێت.کەشتییەک ڕەنگە ڕاستەوخۆ کونێکی بچووک نەتوانێت خەرقی بکات، بەڵام بەتێپەڕ بوونی کات و دزەکردنی ئاو بۆ ناو کەشتییەکە وا دەکات کەشتیەکە نقووم بێت!

بۆیە گرنگییەکی زۆر بدە بەجەستە و ڕاهێنانی زۆر ئەنجام بدە، لەبەر ئەوەی ئەوە جەستەی تۆیە ئامانجی تۆی هەڵگرتووە و جەستەت لەلای تۆ ئەمانەتە. بۆیە پارێزگاری لێبکە، بۆ ئەوەی ئەویش بتوانێت بە تەندروستییەکی باش تۆ بگەیەنێت بەسەرکەوتن.

یاریزانێکی تۆپی پێ گەر بیەوێت بەسەرەکی لەناو یاریگاکاندا یاری بکات، پێویستە خاوەنی جەستەیەکی بەهێز بێت. چونکە باش دەزانن ئەوە وایان لێدەکات، هەمیشە بەباشی بمێنەوە و ئاستێکی بەرز نمایش بکەن.

ئاگاداری عەقڵت بە! مرۆڤی خاوەن پەیام پێویستە گرنگییەکی زۆر بدات بە خۆراکی عەقڵی، ئەو خۆراکەش بریتیە: لە خوێندنەوە.

خوێندنەوە واتلێدەکات جوانتر و جیاوازتر بیربکەیتەوە و یارمەتی دەرت دەبێت لە بەجێگەیاندنی کارەکانت بەباشترین شێوە.

گەر دەریا کەشتییەکی بەهێزی بوێت، بۆ ئەوەی بەرگەی تۆفانەکان بگرێت، ئەوا دڵنیابە ئامانجەکەی تۆ پێویستی بەجەستەیەکی بەهێز هەیە، بۆ ئەوەی بەرگەی ئاستەنگەکان بگرێت.

(ئەکشای کۆمار) دەڵێت: (من کەسانێکی زۆر دەبینم، کە بەدەست کێشەیەکی زۆرەوە دەناڵێنن! ئایە تۆ ناتوانی ڕۆژی یەک کاتژمێر بدەیت بەجەستەی خۆت بۆ ئەوەی ڕاهێنان ئەنجام بدەیت؟

درەنگانێکی شەو پێویست ناکات تۆ خواردن بخۆیت، جەستەت ناتوانێت ئەو خواردنە هەرس بکات. تەندروستیت لە ژێر دەستەکانی خۆتدایە. ژیانت لە ژێر دەستی خۆت دایە.

> ئەو جەستەیەتان خۆشبوێت، کەخودای گەورە لەبارەیەوە دەفەرمووێت: [ئێمـــە مرۆڤمان لە باشترین شێوەدا دروست کردووە]، کەواتە ئێمـــە بەرپرسیارین لەوەی، کە دەبێت بەباشترین شێوەش پارێزگاری لێبکەین.

## لـە ناو دەریادا

هەموو کاپتنێک ئەوە دەزانێت کاتێک کەشتییەکەی بەکاردەخات لە ناو دەریاداو دەزانێت بۆ چ شوێنێک دەڕوات؟ وەئەوەش دەزانێت، کە ڕەنگە تۆفـان هەڵبکات، یان شەپۆلەکان بەرز و نزمی بکەن، یان بایەکی بەهێز ئاڕاستەی کەشتیەکەی بگۆڕێت، یان تووشی بەستەڵەکێک بێت، بەڵام بۆهەموو ئەو بارودۆخانە ئامادەکاری و پلانی خۆی هەیە.

تۆش هاوڕێیەکەم، ئەو کاپتنەی دەبێت ئەوە باش بزانی ڕێگـای سەرکەوتنی تۆش هەمان شتی لەسەر ڕێگەیە.

تووشی کەسانێک دەبیتەوە، کە پێت دەڵێن تۆ ناتوانی! کە سانێکیش دژایەتی ئامانجەکەت دەکەن و کەسانێکیش لەجیاتی ئەوەی پردێک دروست بکەن، بۆ ئەوەی زووتر بگەیت بەئامانجەکەت چاڵێک هەڵدەکەن بۆ ئەوەی خۆت و خەونەکەتی تێدا بنێژن!

بەڵام توشی کەسانێکیش دەبیت هەرکە کەوتیت دەستت دەگرن و هەڵت دەستێنەوە و پێت دەڵێن : بەردەوام بە و زەردەخەنەت بەڕوودا دەکەن. خاڵێکیشت وەکو ئاوی دەریا ڕوون بێ لات ئەویش ئەوەیە، دەبێت ڕێگەی ئامانج و سەرکەوتنەکەت وەکو گەشتێک لا وابێت چێژ لەسات بەساتی گەشتەکەت ببینی دڵخۆش بیت بە ڕۆژە خۆشەکان و لە ئامادەباشیش دابیت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژە قورس و تەماویەکان. ڕۆژەکانیش لە ناو دەریای ژیاندا دوو ڕۆژن.

أ- ڕۆژە خۆشەکان

ب - ڕۆژە ناخۆشەکان.

## أ- ڕۆژە خـۆشەكـان:

زۆرجار کاتێک ئێمە دەست دەکەین بە گەشتەکەمان بەرەو ئامانج و خەونەکانمان، دەبینین شتەکان زۆرباش بەرەو پێش دەچن.

هەروەکو ئەو هونەرمەندەی، کاتێک یەکەم گۆرانی خۆی بڵاودەکاتەوە، دەبینێت زۆرباش پێشوازی لێدەکرێت و لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت و ناوبانگێکی باش دەر دەکات! ئەویش واهەست دەکات ئیتر ئاستەنگێک لە ڕێگای نەماوە. چێژ دەبینێت، لەو سەرکەوتنەی. لەوکاتانەدا، کە گشت شتێک بەخواستی تۆ دەڕوات، وەکو ئەو کاپتنە دڵخۆش دەبێت، کە بایەکە کەشتییەکە بەرەو ئاراستەی ئامانجەکە پاڵدەنێت.

ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە لەو کاتە خۆشانەدا ئەوەیە، بەوپەڕی ئاسوودەییەوە چێژ وەربگرین لەو ساتە، چونکە ڕاستە ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک بەڕێ کەوتووین، بەڵام خودی ئامانج و ڕێگای سەرکەوتنیش ئەو کاتەیە، کەلەسەر ئێمە پێویستە چێژی لێ ببینین.

ئایە دەکرێت ئێمە هەموو ژیانمان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک دابنێین و کاتێک پێشی گەیشتین، واهەست بکەین کاتێکی زۆرمان لێ ڕۆیشتووە و ئێستا دوای ئەو هەموو کاتە ڕۆیشتوە سەرکەوتن ئەو چێژەی سەرەتای نەماوە؟ دەزانن بۆچی ئەمە ڕوودەدات؟

لەبەرئەوەی خۆی ئەو ماوەیەیی کە پێیدا تێپەڕی پێویست بوو، لەسەرت چێژی لێببینی! بۆیە چرکە بە چرکەی ڕۆژە خۆشەکان لای خۆت تۆماربکە و لە گەڵیان پێبکەنە و پێکی شادیان لەگەڵ نۆشبکە، چونکە ڕەنگە ڕۆژە سەختەکان بێتو ئەو کات، کاتت نەبێت بۆ پشودان.

## ب ـ ڕۆژە نـاخۆشەکـان:

ئەو کاتەی دەستت کرد بە بنیاتنانی داهاتووت و گەیشتن بە خەونەکانت، هەستت بەوە کرد ئەم گەشتە ئاسان نابێت تووشی ئاستەنگ دەبیت!وە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارە بەهێزانەی، کەوای لە زۆرێک کرد وازبهێنن لەوەی کەدەیانەوێت، لەبەر ئەوەنا کە ئەوان لاواز بوون و کێشەکان بەهێز، بەڵکو تەنها ئەوەندە نەبێت، کە بوێری ئەوەیان نەبوو بەرامبەر کێشەکان بوەستنەوە و لەگەڵیان بجەنگن. چونکە تۆ هەرچەندێک بەهێز بیت، گەر بوێریت تێدانەبوو ڕادەکەیت، هەر وەکو ئەوانەی ڕایانکردوو شکستیش بەداوایان کەتوو لەناو زیندانەکانی خۆی کردن، بەڵام کاپتن تـۆ بەهێزی! من دڵنیام زۆر بە ئازایانە ڕۆژە قورسەکان تێدەپەڕێنی.

**نموونەی هەستانەوە:**

بەیانییەکی خۆرەتاو بوو، لە شاری (بۆمبای)، لە هیندستان، گەنجێکی تەمەن (٢١) ساڵ تووشی نەخۆشی خواربوونی بڕبڕەکانی پشتی هاتبوو.

دکتۆرەکان بەباوکیان گوتبوو،کە دەرهێنەری فیلمی سینەمای بوو: کە کوڕەکەی تـۆ ناتوانێت زۆر بجوڵێتەوە و سەما بکات لە ناو فیلمەکاندا!

ئەو ڕۆژە بۆ ئەو ناخۆشترین ڕۆژی ژیانی بوو، چونکە پێیان ڕاگەیاند، کە ناتوانێت ئەو خەونەکەی کەدەیەوێت بەدەستی بهێنێت، ئەویش ئەوەیە بێتە سەر شاشەی کەناڵەکان وەکو( مایکڵ جاکسۆن ) سەما بکات لەناو فیلمەکاندا!

ئەو ڕۆژە زۆر گریا! بەڵام بۆ ئێوارە بڕیاریدا لەگەڵ نەخۆشییەکەی بجەنگێت و کار بکات، بۆ خەونەکەی تاوەکو ئەوەبوو توانی لەکۆتایدا، بەسەرنەخۆشییەکەیدا سەربکەوێت و ببێتە باشترین سەماکەری پیاو لە ناو هیندستاندا!

ئەو پیاوەش هیچ کەسێک نیە جگە لە (هریتیک ڕۆشان) نەبێت. ئێستا ئەو بۆ بەشداریکردن لە هەر فیلمێک زیاتر لە (٣٠) کرۆک وەردەگرێت، کە دەکاتە نزیکەی ٤ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی!

ئەوەش لە ئەنجامی ئەو جەنگەی، کە ئەو کردی لەگەڵ ڕۆژە سەختەکاندا. خودای مەزنیش لە ناو قورئانی پیرۆزدا هانمان دەدات و دڵنیایمان پێدەدات، کەدوای هەر ناخۆشییەک خۆشیەک دێت [آن مع العسر یسرا]. خودا بۆیە ئەوەمان پێدەڵێت: هەرچەندە تۆ لە ناو ڕۆژگارێکی ناخۆشدا ژیان بکەیت، دڵنیابە وا خۆر لەپشت هەورەکان خۆی حەشارداوە و چاوەڕێی خۆرهەڵاتن بکە! بۆیە بەهێزبە و سکاڵا مەکە لە دەست ڕۆژگاری سەخت، تەنها ئارام بگرە و چاوەڕێ بکە، چۆن ڕۆژە خۆشەکان دێن و لە باوەشت دەگرن.

"چەند مەزنە، ئەو مرۆڤەی لەناو دەریای ژیان تێدەکۆشێت، بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەی، لە کاتێکدا زۆرێک هەن خەریکە لەو دەریایەدا ڕۆبچن، چونکە نازانن چی بکەن و چیان دەوێت؟"

کـەشتـی ڕزگارکـەر:

دڵنیام چیرۆکی ئەو پیاوەت بیستووە، کە دوای ئەوەی لە دورگەیەک گیردەخوات و لەوێ بۆخۆی شوێنێک بۆ مانەوە دروست دەکات.

ڕۆژێکیان لە کاتێکدا، کەخەریکی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ دەبێت، بایەک هەڵدەکات شاڵاوی ئاگرەکە ماڵەکەی لێ سووتاند!

دوای ئەوە پیاوەکە نیگەران بوو تاوەکو ئەوەی کەشتییەک هات بەرەو ڕووی دورگەکە و پیاوەکەی ڕزگار کرد، دوای ئەوەی پیاوەکە لەسەر کەشتیەکە، لەکاتپنەکەی پرسی چۆن هاتن بەرەو ئاراستەی دورگەکە؟ کاپتنەکە وتی: دوکەڵێکی بەرزمان بینی و واگومانمان کرد، کەسێک داوای یارمەتی دەکات. ئێمەش هاتین و تۆمان دۆزیەوە!

دوای ئەوە پیاوەکە زۆر سوپاسی کاپتنەکەی کرد لەسەرئەوەی، کەژیانی ئەویان ڕزگار کردووە. تا ئێرە شتێکی نوێ نەبوو لە چیرۆکەکەدا، چونکە پێشتر بیست بووت، بەڵام هەرگیز لەخۆت پرسی ئەو کەشتییە هی کێ بوو یان کاپتنەکە کێ بوو؟

لات سەیر نەبێت گەر بڵێم ئەو کاپتنە تۆ بوویت و کەشتیەکەش هی تۆ بوو!

بیرت بێت، تا کاتێک کەسێک کەشتییەکەی بەگەڕنەخات لەناو دەریادا و نەڕوات بەرەو ئامانجەکەی ئەوانەی لەناو دەریا گیریان خواردووە، کەسێک نیە ڕزگاریان بکات.ئامانجەکەی تۆش بەو شێوەیەیە دەتوانی لەڕێی گەیشتن بە ئامانجەکەت ژیانی کۆمەڵێک کەس بگۆڕیت. ئەو کاتەی تۆ ئاواتی ئەوە دەخوازی، کە کۆمپانیایەکی مەزن دامەزرێنیت و دواتر بەو ئاواتەت دەگەیت. کۆمپانیاکەت پێوستی بە کەسانێکی زۆر دەبێت بۆ ئەوەی کار و باری کۆمپانیاکە بەباشی بڕوات. لەوکاتەدا ژیانی کۆمەڵە کەسانێک گۆڕانکاریان بەسەر دادێت. ئەو کەسانەی تاوەکو دوێنێ لەناو دەریای خەم و ئازاری بێ کاریدا خەریک بوو نقووم دەبوون، ئێستا کۆمپانیایەکەی تۆ بۆیان بووە بەکەشتی ڕزگارکەر، بەوهۆیەوە ئومێدی ژیانیان بۆ گەڕاوەتەوە. کاتێک هەموو خەونی تـۆ ئەوەیە ببیتە پزیشک و کاتێک بەو خەونەت دەگەیت و دەبیت بە پزیشکێکی سەرکەوتوو!

ژیانی کۆمەڵێک کەس، کەلەسەر لێوا.ی مەرگن ڕزگار دەکەیت،بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێ، ئەو ئامانجەی کەهەتە پێش ئەوەی ببێتە فریاد

ڕەسی کەسانی تر، ئەوە فریاد ڕەسی خۆتە. تۆ ڕزگار دەکات لەو تاریک و ئازارانەی تییدا دەژیت!

فرمێسەکانت دەگۆڕێت بۆ زەردەخەنە و لاوازیت دەگۆڕێت بۆ بەهێزیت. بەڵێ ئامانجەکانمان، پێش ئەوەی یارمەتی کەسانی دەوروبەرمان بدەن، یارمەتی دەرێکی باشی بارودۆخی خۆمانن.

کوڕێک هەبوو هیچ کارێکی ئەنجام نەدەدا، ڕۆژێکیان باوکی پێی گوت: کوڕم، لە شار لای هاوڕێیەکم کارێکم بۆ دۆزیویەوە. بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانی خۆت لە بێ کاری و بێ پارەی ڕزگار بکەیت!

بۆ ڕۆژی دواتر، کوڕەکە بەرەو شار بەڕێکەوت، لە ڕێگادا بەهۆی ئەوەی ماندوبوو، لە ژێرداریک پشوویەکی وەرگرت. لەوکاتەدا بینی وا بازێک لە ئاسمانەوە خەریکە دەنیشێتەوە و بەرەو ڕووی باڵندەیەکی باڵشکاو دێت! کوڕەکە زۆر بە توندی سەرنجی ئەو دیمەنەی دەدا، بینی وا خەریکە بازەکە خواردن دەهاوێتە دەمی باڵندە باڵشکاوەکە!

کوڕەکە بەبینینی ئەو دیمەنە زۆر سەرسام بوو! بۆیە بڕیاریدا نەڕوات بۆ شار و بگەڕێتەوە بۆ دێیەکەی خۆیان. کاتێک گەیشتەوە دێیەکەی خۆیان. باوکی بەسەرسامیەوە وتی: کوڕەکەم بۆ گەڕایتەوە؟کوڕەکەش گوتی: باوکە من پێویستیم بەکار و پارە نیە. گەر زۆریش ناچاربووم خودا خۆی یارمەتی دەرێکم بۆ دەنێرێت، چونکە ئەمڕۆ بە چاوانی خۆم بینی کەوا بازێک لە ئاسمانەوە خواردنی دەدا بە باڵندەیەکی باڵشکاو!

باوکەکە کەسێکی ژیر و دونیا دیتە بوو بۆیە بە کوڕەکەی گووت: کوڕم خۆزگە ئەو کاتەی ئەو دیمەنەت دەبینی خۆت، لە جێگای بازەکە دانابایە نەک باڵندە باڵشکاوەکە. تۆ ئەو کەسە بایت یارمەتی ئەوانی تر بدەیت نەک کەسێک بیت چاوەڕوانی یارمەتی کەسانی تر بیت.

بۆیە با ئێمە هەمیشە ڕۆڵی یارمەتیدەر و فریادڕەس ببینین و ئامانجەکانمان ڕۆڵی کەشتی ڕزگارکەر ببینن لە ژیاندا.

هەر بۆیە دەبێت ئێمە بیربکەینەوە و هەوڵبدەین، چونکە ئامانجەکانمان پێمان دەڵێن :تاوەکو خۆمان هەوڵنەدەین بارودۆخی خۆمان بگۆڕین، شتێک نیە بتوانێت ژیانمان بگۆڕێت.

(سەنغافورە) لە دورگەیەکی هەژارنشین و پڕ لە مێشوولەیە، یەکێک لە بەهێزترین، ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئابوورییەکی بەهێزن! ئەوەش بەهۆی بەهێزی تەنها پیاوێک بەناوی (لی کوان یو) بوو، کە پاش ئەوەی بەسەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا، لە ساڵی ( ١٩٥٩ز). دەستپێکێکی تاڵبێت قورس و سەخت وە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون نەبوو دەریبخات ئەو وڵاتە دەبێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو!

ڕاستبوو کارەکە قورس بوو، بەڵام مەحاڵیش نەبوو. (لی کوان یو) پاش ئەوەی پلانێکی دارِشت بەهاوکاری کەسایەتییە بەهێزەکانی چواردەوری، بۆ ئەوەی گەلەکەی، لە هەژارییەوە بکاتە دەوڵەمەنترین گەلی جیهان و داهاتی تاک، ساڵانە بگەیەنێتە (٨٠) هەزار دۆلار لە ساڵێکدا!وە یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە ڕێژەیەکی زۆر گەشتیار سەردانی دەکەن.

( لی کوان یو) لە یادەوەریەکانی خۆیدا نووسی بووی ( ئێمە لە ساڵی( ١٩٦٠ ز) داوای هاوکاریمان لە میسر کرد، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن لە بنیاتنانەوەی وڵاتەکەمان، بەڵام ئەوان وەڵامیان نەداینەوە). بهێنە بەرچاوت( سەنغافورە ) داوای هاوکاری لە میسر بکات، چونکە ئەو کات میسر لە لوتکەدابوو، سەنغافورەش لە بنکەدابوو!

قاهیرەی پایتەختی میسر ئەو ساڵە بەخاوێنترین شاری وڵاتانی عەرەبی دیاری کرا بوو. بەڵام سەیری هەوڵ و تێکۆشانی (لی کوان یو) بکەن توانی( سەنغافورە) بگەیەنێتە لووتکە!

بەڵێ ( لی کوان یو) بوو بە کاپتنی ڕزگارکەری وڵاتێک، لە نەبوونیەوە بۆ دەوڵەمەندی. هەروەها ئەو وڵاتەی ڕۆژانێک، کەس سەردانی نەدەکرد ئێستا پاسەپۆرتی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیا لە پلەی یەکەم دێن بۆ بەهێزی!

هەربۆیەش (سەنغافوریەکان) نازناوی ( مامۆستای مەزنیان) لێنابوو. ئەو کاتەی، کەمردیش لە ساڵی ( ٢٠١٥ ز) تەنها بە جەستە لەسەر خاکی ئەو وڵاتە ڕۆیشت ئەگینا بۆ هەمیشە جێ پەنجەی ئەو، لە بنیاتنانی (سەنغافورادا) دەمێنێت و یادی دەکرێتەوە!

ئێمەش، پێویستە (مامۆستای مەزن) وەکو پێشەنگێکی بنیاتنەر و ڕزگارکەر سەیر بکەین و هەوڵبدەین ئامانجەکانمان ببێتە کەشتی ڕزگارکەر بۆخۆمان و گەلەکەمان. بۆیە بەڵێ بۆ کەشتی ڕزگارکەری ژیانی خۆمان و کەسانی دەوروبەرمان.

> ئەو کاپتنە چەند بەختەوەرە، کە ژیانی کەسێک لە مردن ڕزگار دەکات!

### ئـارەزووی تێکۆشـان:

یەکێک لە گرنگترین شتەکان، لەسەر ڕێگای سەرکەوتن بریتیە، لە حەز و ئارەزوو بۆ ئەنجامدانی کارەکان، بۆ ئەوەی بگەیت بەسەرکەوتن.

(ئەکشای کومار) ئەکتەری ناسراوی سینەمای بۆلیوود دەڵێت: ( ئەو ڕۆژەی تۆ کارەکەت بەحەز و ئارەزوویەکی زۆرەوە ئەنجام دەدەیت، کەس ناتوانێت ڕێگەی سەرکەوتنت لێ بگرێت.من چاوەڕێ دەکەم بۆ

ئەوەی بەیانی دابێت و دەست بەکاربم. لەو ڕۆژەوەی من دەستم کردووە بەگەشتەکەم، هیچ ڕۆژێک نەبووە من دیمەنی خۆرهەڵاتن نەبینم! من لەکاتژمێر چواری بەیانیەوە دەست بەکار دەبم. لە کاتژمێر چوار تاوەکو کاتژمێر پێنج من بەتەنها دادەنیشم و لە خۆم دەپرسم لەسەرم پێویستە ئەمڕۆ چ کارێک بکەم؟).

وە ئەو کاتەی مرۆڤ ئارەزووی هەیە، بۆ ئەنجامدانی کارێک دەتوانێت داهێنان و گۆڕانکاری مەزن ئەنجام بدات. بەتاسەیەکی زۆرەوە چاوەڕوانی ئەنجامدانی کارەکانی دەکات!

هەروەکو زانایەک دەڵێت: (دەبێت ئارەزووی کارکردنت بەجۆرێک بێت، کاتێک دەڕۆیت بۆ سەر کارەکەت وابزانیت دەڕۆیت بۆلای یارەکەت).

ئێمە هەر چەندێک بمانەوێت بگەین بەشتێک، گەر حەزی کارکردن و تێکۆشانمان لە جەستەدا وەکو خوێن هاتووچۆی نەکرد پەکمان دەکەوێت و ناتوانین کارەکان بەباشی ئەنجام بدەین.

ئەو کاتەی کارەکانیش باش نەڕۆیشتنە پێشەوە، بزانە کەشتییەکەت لە ئامانجەکەت دوور دەکەوێتەوە. مرۆڤ، کاتێک حەزی بۆ ئەنجامدانی کارێک هەبێت بێزار نابێت و نازانێت چۆن کات دەڕوات؟

بۆنموونە کاتێک گەنجێک دەیەوێت ببێتە ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی، هەمیشە حەز بەوە دەکات گوێ بۆ وتار بێژە سەرکەوتووەکان بگرێت و بە چەندەها کاتژمێر لەبەرامبەریان دابنیشێت بەبێ بێزار بوون. ئارەزوو بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان، ئەو وزەیەیە، کەپێویستە جەستەمانی پێ پڕ بکەین، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئامانج پەکمان نەکەوێت.

حەز و ئارەزووش تایبەتمەندیەکی هەیە، تاوەکو زیاتر لەسەرکەوتن نزیک ببیتەوە زیاتر دەبێت و بەتاسەوە چاوەڕێی دەکەیت و کاری بۆ ئەنجام دەدەیت.

بۆیە کارەکانتان بە خۆشەویستی و حەزێکی زۆرەوە ئەنجام بدەن. ئەو کاتەی تۆ بەئارەزوویەکی زۆرەوە کار دەکەیت، لە کۆمپانیاکەت ڕاستەوخۆ ئەو هەستەی تۆ بۆ ئەوانی تر دەگوازرێتەوە و ئەوانیش حەز دەکەن بەباشترین شێوە کارەکانیان ئەنجام بدەن.

> ئارەزووی کارکردنی تۆ بزوێنەرێکە و دەت جوولێنێت بەرەو ئامانجەکەت.

## شکست، واتای کۆتایی نییه!

پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێت: (ئەو لێدانەی نەتکوژێت، بەهێزت دەکات).
وە لەزانستی زیندەزانیشدا زانایان ئەوەیان پێشت ڕاستکردۆتەوە، کاتێک زیندەوەرێکی زیان بەخش، یان، ڤایرۆسێک دەچێتە ناولەشەوە جەستە دەگەڕێت، تاوەکو دژە پەیداکەری بۆ بدۆزێتەوە، بۆئەوەی بۆ جارێکی دیکە ڕێگری بکات، لەزیندەوەرە زیان بەخشەکە، یان، ڤایرۆسەکە لەهاتنەوە ناو لەش!

بەهەمان شێوە گەشتەکەی ئێمەش لەو ژیانە بەدەر نابێت لەشکست، گەر بۆ جارێکیش بێت دەبێت تامی شکست بکەین.

(عامر خان ) ئەکتەری دیاری بۆلیوود هەژدە ساڵ بوو، هیچ فیلمێکی شکستی نەهێنابوو و کۆمەڵێک شاکاری مەزنی بۆ ئێمە دروستکرد لەوانە ( سێ گەمژەکە و پی کەی)، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٩ ز) بەشداری فیلمێکی کرد بەناوی (چەتەکانی هیندستان) توشی شکستێکی مەزن بوویەوە!

بەڵام عامرخان دوای ئەوە گووتی: (ئەوە ڕێگای ژیانە، هەندێک جار دەبێت بکەوین بۆ ئەوەی فێربین باشتر هەڵبستینەوە).

مرۆڤ، دەبێت تێبگات کاتێک شکست دەهێنێت، تەنها بۆ ئەوەیە لە خۆمان بپرسین، ئایە تائێستاش ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی دەمانەوێت؟

گەر وەڵامەکەمان بەڵێ بوو، ئەوکات تێدەگەین شکستەکە هیچ شتێک نەبووە، جگە لە ئەزموونێکی باش (محمد علی کلایی) دەڵێت: {لە ژیاندا شکستی زۆرم هێنا، هەر ئەوەش نهێنی سەرکەوتنمە}.

هەندێک جار شکستێک زۆر، لە سەرکەوتنێک زیاتر شتت فێردەکات.

ئەوکاتەی ئەکتەری بەناوبانگی ئوستورالی (میل گیبسن) لەترۆپکی ناوبانگەوە، لە هۆلیود گەیشتە ناو کونجی بەندینخانەکانەوە پاش ئەوەی توشی کێشەی ماددەی هۆشبەربوو!

دوای ئازاد کردنیشی بۆماوەی حەوت ساڵ، هیچ جۆرە چالاکیەکی نەبوو. تائەو کاتەی لە ساڵی ( ٢٠١١ ز) لەفیلمی (بیڤەر)دا دەرکەوتنی هەبوو، بەڵام ڕەخنەی زۆر لەناوەڕۆکی فیلم و ڕۆڵی گیبسن گیرا!

هەر ئەو کاتە (ڕۆبەرت داونی جۆنیۆر) وەکو تاکە هاوڕێی هاتە مەیدانەکەو پاڵپشتی خۆی بۆ (میل گیبسن ) دووپاتکردەوە و بە هەمووانی گوت:

کێ هەیە پێشتر هەڵەی نەکرد بێت؟. دوای ئەوە (میل گیبسن ) وازی لە کاری ئەکتەری هێنا و دەستی کرد بە کاری دەرهێنانی فیلم کرد و توانی دەرهێنان بۆ فیلمی ( هاکساو ڕیچ) بکات، کە بۆ ( ٦) خەڵاتی ئۆسکار پاڵێورا و (٢) خەڵاتی بردەوە!

لە گەشتی ژیانی (میل گیبسنەوە) فێردەبین، ئەو کاتەی شکست دەهێنین، تەنها کەسە دڵسۆزەکان دێن و پاڵپشتیمان دەکەن. فێری کردین ڕێگای کارکردنمان بگۆڕین، نەک ئامانجەکانمان!

وە ئەو کەشتییەی، تەمەنێک خەریکی دروستکردنی بووین، ڕەنگە بەیەک هەڵە نوقووم بێت و ئێمەش تێدا بچین. بۆ هەر هەڵەیەک، کە ئەنجامی دەدەین پێویستە باجەکەشی لەتەنیشت دابنێین.

وەهەمیشە ئەوە لەناو مێشکتان هەڵی بگرن و بیرتان بێت. شکست یەکەم ڕێگایە بەرەو سەرکەوتن. وە ئەو تیرەی، کەپێویستە لەکەوان دەربچێت سەرەتا پێویستە بۆ دواوە بهێنرێتەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی بەهێزتر بەرەو ئامانجەکەی ڕێ بکات و ئامانجەکەی بپێکێت!

(پاولۆکایلۆ) ڕۆماننووسی بەناوبانگی بەڕازیلی دەڵێت: (تەنها شتێک هەیە کەوادەکات خەونەکەت ببێتە مەحاڵ، ئەویش ترسە لە شکست. گەر شکست نەهێنی وەکو ئەوە وایە تۆ هیچ کارێکت نەکردبێت).

> شکست بەواتای دۆراندن نایەت، ئەوە تەنها وازهینانە، تۆ دەکات بە کەسێکی دۆڕاو.

**ئایە گوێ بۆ قسەی خەڵکی بگرین؟**

شێوازی ژیانت هەر جۆرێک بێت و هەر پیشەیەکت هەبێت، خەڵک خۆی لە ژیانت هەڵدەقورتێنێت! قسەلە سەر ژیانت دەکەن، جا بە باشە بێت یان خراپە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئێمە چۆن مامەڵە بکەین لە گەڵ ئەو جۆرە قسانەدا؟

قسەی خەڵکیش لە دوو جۆر زیاتری نییە،کە بەرامبەر ئێمە دەیڵێن:

**جۆری یەکەم/ وتە نەرێنییەکان:**

کاتێک بڕیار دەدەیت دەست بەکارێکی نوێ بکەیت، یان ئاوات بۆ کارێک دەخوازیت، تاوەکو پێی بگەیت،کەسانێک وەکو چیا لەبەرامبەرت ڕادەوەستن و پێت دەڵێن: تۆ ناتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەیت و بەپێی بەڕەی خۆت قاچ درێژ بکە و کەس پێشتر نەی توانیوە ئەو کارە بکات. .. هتد.

هونەرمەندی کۆلۆمبی (شاکیرا) کاتێک لە خوێندنگە گۆرانی دەڵێت: مامۆستاکەی بەسووکایەتی پێکردنێکەوە پێی دەڵێت: دەنگت زۆر ناخۆشە و لە دەنگی بزن دەچێت! دڵنیام ئەو ڕۆژە شاکیرا زۆر نیگەران بووە، بەڵام کۆڵی نەدا تاوەکو بوو بەدیارترین و باشترین خانمەگۆرانی بێژ و سەماکەر لە جیهاندا.

یان زانای بەناوبانگی بواری فیزیا (ئەنیشتاین) لە خوێندنگە دەرکرا و مامۆستاکانی بە دایکیان گوت: ئەو کورە گەمژەیە و توانای فێربوونی زۆر لاوازە. بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە دەبێت لە ئاست ئەو وتانەدا نابیست بین و کۆڵنەدەین وە نەهێڵین ڕەخنە ڕوخێنەرەکان کارمان لێبکەن.

(والت دیزنی) ڕۆژێکیان دەڕوات بۆلای خێزانەکەی و وێنەیەکی کاریکاتێری مشکێکی بچووکی پیشان دەدات و پێی دەڵێت: ئێمە بەهۆی ئەو مشکەوە پارەیەکی زۆر بەدەست دەهێنین! خێزانەکەشی ڕاستەوخۆ پێی دەڵێت: هیوادارم ئەو قسەیەت بە هیچ کەسێکی تر نەگوتبێت!بەڵام باوەڕی دیزنی بەسەرکەوتن وای لێکرد بەردەوام بوو لە خەونەکەی.

تاوەکو کەسایەتی (میکی ماوس و شاری دیزنی) بنیات نا. وە لە ڕێگەی سەرکەوتن، تووشی ئاستەنگ و ناڕەحەتی و مایەپوچ بوونەوە بوویەوە زیاتر لە جارێک، بەڵام باوەڕی ئەو بەسەرکەوتنی وایکرد گشت ئەو ئاستەنگانە ببڕێت، کە ئێستا شاری (یاری دیزنی) بۆتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی منداڵ و گەورەکان!

**جۆری دووەم/ وتە ئەرێنییەکان:**

کەسانێک هەن وەکو مۆم ڕێگای ئامانجت بۆ ڕۆشن دەکەن و وەکو چیا پشتت بەهێز دەکەن و هانت دەدەن بۆ بەردەوام بوونت.

ئەو شەوەی پەیامبەری ئیسلام (محمد ص) وەحی بۆ دابەزی دوای ئەوەی بەترسێکی زۆر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بە خەدیجەی خێزانی فەرموو: دامپۆشن دامپۆشن!

بەڵام پاش ئەوەی تەواوی ڕوداوەکەی بۆ خەدیجەی خێزانی گێڕایەوە. خەدیجە کۆمەڵێک وشەی ئەرێنی جوانی چرپاند بەگوێی پێغەمبەردا و فەرمووی: مەترسە، چونکە تۆ پەیوەندی خزمایەتی ئەنجام دەدەیت و دەچیت بەهانای خەڵکانی تر و یارمەتی بێ نەواو وهەژاران دەدەیت و پیاوەتی و هاوکاری کردنت کردووە بە کاری خۆت!پاش ئەوەی پێغەمبەر گوێ بیستی ئەو وتانەبوو ئارامی بۆ دڵی گەڕایەوە.

هەروەها (ستیڤ جۆبز) هاندان و قسە ئەرێنیەکانی باوکی، بوونە هۆکاری ئەوەی ئەو ئیمپڕاتۆریەتیە مەزنەی (ئەپڵ) بنیات بنێت.

ئێمە زۆرجار هەست بە ساردی دەکەین، لە ڕێگەی ئامانج، بەڵام وتەی هاوکارانمان باوەشێکی گەرمن و وامان لێدەکەن بەردەوام بین. زۆر جاریش شتانێک هەن مرۆڤ، لەخۆیدا هەستیان پێ ناکات و تا ئێستا درکی بەو توانایانەی خۆی نەکردووە.

(دیشاونا بارِبێر) شاجوانی ئەمریکا بۆ ساڵی( ٢٠١٦ز) باسی ئەوە دەکات، کە چۆن وتەی ژنێک سەرتاپای ژیانی دەگۆڕێت و دەڵێت: لە باڵەخانەیەکی جل و بەرگی ژنانە کارم دەکرد. بینیم ژنێک بەردەوام سەیرم دەکات و نیگاکانی هەر ڕوویان لەمنە!

پاش ماوەیەک لێم نزیک بوویەوە، دوای ئەوەی کۆمەڵێک پرسیاری لێکردم وتی: تۆ زۆر جوانیت!

دڵنیام گەر بەشداری بکەیت لە ڕێوڕەسمی شاجوانی دەتوانی ببیتە براوە! ئەو داوای لێکردم سبەی سەردانی بکەم. کاتێک بۆ ڕۆژی دواتر سەردانم کرد کۆمەڵێک کتێبی پێدام لەسەر ڕێوەڕەسمی شاجوانی.

ئەوکات هاوینی ساڵی( ٢٠٠٩ز) بوو. منیش بەداواکەی ئەو ڕازی بووم و بەشداریمکرد،بەڵام جاری یەکەم شکستم هێنا، بۆ جاری دووەم و سێیەم هەوڵمدایەوە هەر شکستم هێنا!

بۆیە دووبارە هەوڵمدایەوە و بۆ جاری چوارەم و پێنجەم و شەشەمیش بەشداریمکرد هەر شکستم هێنا! بۆیە زۆر تووڕەبووم و پەیوەندیم پێوەکرد،پێم گوت: تۆ پێت وتم من دەتوانم ببم بە شاجوانی داهاتووی ئەمریکا» ئەویش وتی: (دیشاونا ) بەردەوام بە، وازمەهێنە بەردەوام بە لە گەڕانەوە.

لە مانگی شەشی (٢٠١٥ز) ئەو ژنە کۆچی دوای کرد، بەهۆی شێرپەنجەی خوێنەوە. تائەوەبوو لە مانگی (١٢)ی (٢٠١٥ز) هەڵبژێردرام وەکوو شاجوانی هەرێمی کۆلۆمبیای ئەمریکا. وە شەش مانگ دواتر و لە مانگی شەشی (٢٠١٦ز) من بووم، بەیەکەم سەرباز کە ببم بە شاجوانی ئەمریکا!

من پێتان دەڵێم :لە شکست مەترسن، بەڵکو لە پەشیمانی بترسن.

کۆڵدان هۆکاری سەرهەڵدانی پەشیمانیە. لەنەخێرەکان مەترسە، دەبێت نەخێرەکان وەکو ئەو ئاگرەت لێبکەن، کە بەنزینیان پێدادەکرێت و گەشتر دەبێت.

هەروەها ( ماهێندەر سینگ دهۆنی) بەناوبانگترین یاریزانی یاری (کریکتە) لە جیهاندا، خەڵکی هیندستانە. کاتێک لە تەمەنی( ١٢) ساڵیدا بوو، ڕۆژێکیان مامۆستایەک لەکاتێکدا لەناو یاریگای خوێندنگە یاری دەکەن.سەیر دەکات (دهۆنی) خاوەنی توانایەکی باشی تۆپ گیرانەوەیە و زۆر چالاکە! بانگی( دهۆنی ) دەکات و پێی دەڵێت پێویستە تۆ ببیتە یاریزانی (کریکت)،بەڵام دهۆنی دەڵێت: مامۆستا تۆپی پێ و کریکت زۆر لێک جیاوازن، بەڵام مامۆستاکە سور دەبێت، لەسەر ئەوەی هانی (دهۆنی) بدات تاوەکو ببێتە یاریزانی کریکت.هەر لەسەر قسەی مامۆستاکەی دەستی کرد، بە یاری کریکت.

ئەو ڕۆژەی بۆیەکەمین جار دێتە ناو یاریگای کریکتەوە، هاوڕێکانی گاڵتەی پێدەکەن و پێی دەڵێن: کریکت کاری تۆ نیە بڕۆ تۆپی پێ ئەنجام بدە، بەڵام ئەو نەوەستا و توانی لە سفرەوە بگاتە لوتکەی ناوبانگ و چەند جارێک وەکوو باشترین یاریزان هەڵبژێردراوە و ژیانی لە کوڕێکی هەژارەوە بگۆڕێت بۆ کوڕێکی خاوەن سەرمایەکی بێ ئەندازە و بەهۆی کاریگەریەکی زۆر لەناو خەڵکیدا و خۆشەویستیان بۆی فیلمێک لەسەر ژیانی دروستکرا و فیلمەکەش سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەست هێنا!

هەربۆیە باش گوێچکەی خۆت بکەوە بۆ ئەوانەی پێشنیازێکی نوێت بۆ دەکەن، ڕەنگە ئەوە دەرفەتێک بێت و لەوڕێگەیەوە ژیانت بگۆڕێت. دەرفەتەکانیش لە ژیان وەکو شەپۆلی ڕووبارەکانن دێن و دەڕۆن. ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەوەیە زۆر بە باشی ئەو دەرفەتانە بقۆزیتەوە و بگەیت بەو شتەی، کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر خەونیشت پێوە نەبینی بێت.

هەروەها هەندێک ڕەخنە هەیە، پێیان دەوترێت ڕەخنەی بنیاتنەر و ئەوانیش دەخرێنە پاڵ وتە ئەرێنیەکانەوە. بەڵێ کەسانێک پێت دەڵێن تۆ ئەو کارە مەکە، یان ، دووبارەی مەکەوە، یان بەتەنها لە گۆشەیەکەوە کۆمەڵێک ئامۆژگارییت دەکات و هەندێک هەڵەت بۆ ڕاست دەکاتەوە. بۆیە گرنگە بۆ ئێمە زۆر بەباشی گوێ ڕادێرین، بۆ ئەو مرۆڤانەی هەمیشە بە وتەی ئەرێنی گەرمی و گوڕی کارکردنمان زیاتر دەکەن.

> بۆیە گوێ بیستی قسەکانیان بە. باشەکانیان وەربگرە و خراپەکانیشیان بنێژە.

## هێزی هیوا

باشترین و بەهێزترین چەکێک، کە مرۆڤ هەڵیبگرێت لەڕێگای گەیشتن بەئامانجەکەی، هیوایە. ڕەنگە مرۆڤ هەفتەیەک بێ خۆراک و چوار ڕۆژ بێ ئاو، سێ کاتژمێر بەبێ هەناسەدان بتوانێت بژیت، بەڵام بۆ چرکەیەکیش مرۆڤ ناتوانێت بێ هیوا ژیان بکات،چونکە، هیوا ئەو بزوێنەرەیە، کە پاڵت دەنێت بەرەو ئامانجەکەت.

لە ئەڵمانیا، لەساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، کەسێک دەکەوێتە ناو ڕووبارێک و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێرئاودا دەمێنێتەوە بەبێ هەناسەدان و ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات بۆ ئەو کات. دوای ئەوەی ڕزگاری دەبێت و پرسیاری ئەوەی لێدەکەن، چۆن ئەو هەموو کاتە توانیت، بێ هەناسەدان خۆت ڕابگرێت لەژێرئاودا ؟

گوتی: ڕاستە من مەلەوانی نازانم، بەڵام دڵنیابووم و هیواداربووم، کە کەسێک دێت و ڕزگارم دەکات!

ئەو کاتەی شکست دەهێنین، با واز لەخەونەکانمان نەهێنین، چونکە هیوامان وایە، کە ڕۆژێک دێت ئاڵای سەرکەوتن هەڵدەکەین لە سەر ئامانجە مەزنەکەمان.

ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری ئازیزمان (محمد(درودی خودای لەسەر بێت) لە( تائیف) خوێن لە جەستەی دەچۆڕا! دوای ئەوەی نەزان و گەورەکانی( تائیف ) بەمنداڵ و شێتەکان بەردبارانی، ئەو مرۆڤە مەزنەیان کرد. کاتێک لە ڕێگا دەڕۆیشتن. گەورەی فریشتەکان، لەگەڵ فریشتەی شاخەکان هاتن بۆلای پێغەمبەری مەزن و( جبرەئیل ) دوای سڵاوکردن گوتی: ئەوە فریشتەی چیاکانە هاتووە، تۆ بەس فەرمان بکە

(تائیف) بزردەبێت و لەناو دەچێت لەنێوان ئەو دوو دۆڵەدا،بەڵام سەیری مرۆڤی مەزن و خاوەن پەیامی ئاسمانی بکەن، فەرمووی:(( خودایە لەگەڵەکەم خۆشبە ئەوان نازانن، وە هیوادارم لەو نەوەیەی دێت لەپاش ئەمانە کەسانێک هەڵبکەون و پەیامەکەی تۆ بڵاوبکەنەوە و بیگەیەنن)).

بەڵێ، هەر بەو شێوەیەیی ئەو فەرمووی و هیواکەی بەجێگەیشت، لەدوای ئەوانە زانای زۆر لەو شوێنە هەڵکەوتن و بوون، بە ئاڵا هەڵگری پەیامە مەزنەکەی ئیسلام.

ئەو پیرە پیاوەی نەمامێکی بەردار دەچێنێت، وەنەبێت چاوەڕێی ئەوەی هەبێتە، لە بەروبوومەکەی بخوات، بەڵکو بەو هیوایە دەی ڕوێنێت، کە ڕۆژێک دابێت نەوەکانی لەو دارە بخۆن. هەروەکو چۆن باپیرانی ئەو ڕواندوویانە و ئەویش بەروبوومەکەی خواردووە.

هەروەها( هــیوا) پێمان دەڵێت: ئەو ڕۆژانەی، کەماون جوانتر و باشتر دەبن، لەو ڕۆژانەی، کە ڕۆیشتوون و بەو هیوایە سەربنێنە سەر پێخەفەکانتان، کە سبەی ڕۆژێکی جوانتر و باشتر دەبێت لە ئەمڕۆ.

> هیــوا وەکو ئۆکسجین وایــە، بــۆ ئامانجەکەت، وادەکــات بە زیندوویەتی بمێنێتەوە.

## تەنها تۆ خۆت ڕزگارکەری خۆتیت!

ئەو کاتەی کەتینوومانە، ئاو دەخۆینەوە و کاتێکیش خەومان دێت دەخەوین و کاتێکیش دڵخۆشین چێژ لە ژیان دەبینین،بەڵام بۆچی دەبێت کاتێک تووشی ناڕەحەتی و ئازارێک دەبیت، دەبێت چاوەڕێ ئەوە بیت کەسێک بێت ڕزگارت بکات ؟

هەربۆیە بە هێزبە و هەر بۆخۆشت ڕووبەڕووی ئەو ئازار و ناڕەحەتیانە ببەوە.خۆت دەبێت هەوڵبدەیت و کۆڵنەدەیت تاوەکو بۆخۆت خۆت ڕزگاردەکەیت!

ئەو کاتەی بۆقە نابیستەکە کەوتە ناو چاڵەکەوە، هیچ یەکێک لە هاوڕێکانی نەڕۆیشتن، بۆ ئەوەی لەناو چاڵەکەدا ڕزگاری بکەن، بەڵکو پێشیان گوت: دەست هەڵبگرە تۆ ناتوانی ڕزگارت بێت، بەڵام ئەو بەو هیوایەوە بازیدا، کە وایدەزانی ئەوان هانیدەدەن.هەربۆیەش خۆی بازێکی گەورەتر، لە بەرزی چاڵەکەیدا و خۆی ڕزگارکرد  ئێمەش پێویستمان بەو بازدانە مەزنە هەیە،بۆ ئەوەی سەربکەوین بەسەر کێشەکانماندا.

ئێمە کاتێک سەردەکەوین خۆمان ڕزگار دەکەین لە کێشەکانی ژیانمان، پڕ بەدەم هاوار دەکەین سەرکەوتین، بەڵام کاتێک شکست دەهێنین پەنجەی تۆمەت بۆ کەسانی تر ڕادەکێشین.

نا هاوڕێ گیان، گەر کەسێک هەبێت بتوانێت ڕزگارت بکات، یان تووشی شکستت بکات تەنها خۆتیت.

مرۆڤە مەزنەکان هەمیشە کارێکی ناوازە هەیە ئەنجامی دەدەن، لە کاتێکدا تووشی گرفتێک دەبن، ئەویش ئەوەیە، خۆیان دەگەڕێن بۆ دەروازەیەک بۆئەوەی لێی بچنە دەرەوە!

ئەو کاپتنەی، کە خەریکە کەشتییەکەی نقووم دەبێت، بەهۆی تۆفانەوە یەکەم کەسێکە، کە دەبێت سـتڵێک بهێنێت و ئاوەکەی ناو کەشتییەکە بەتاڵ بکات، بۆ ئەوەی دواتر کەسانی تریش بێن و یارمەتی بدەن.

خاوەن کۆمپانیا مەزنەکان و خاوەن سارمایەدارەکان ئەو کاتەی خەریکە نقووم دەبن،خێرا شتەکانیان ڕێک دەخەنەوە و خۆیان ڕزگار دەکەن.

گەر ڕزگارکەرێک هەبێت خۆتی. گەر دڵخۆشکەرێک هەبێت، دڵخۆشت بکات خۆتیت!

گەر خـودا چاوی پێ بەخشبێتی بۆ ئەوەی فرمێسکی پێ بڕێژێت، ئەوا دوو دەستیشی پێ بەخشیوی، کە فرمێسکەکانی پێ بسڕیتەوە،بۆیە چاوەڕوانی کەسێک مەبە بێت و ڕزگارت بکات لەکاتی نقووم بووندا، ڕەنگە ژێر ئاو بکەویت، هەربۆیە دەبێت خۆت فێرە مەلەوانی بکەیت، ببیتە مەلەوانێکی باش بۆ ئەوەی ببیتە ڕزگارکەری خۆت و کەسانی تر.

> گرنگترین خاڵێک کەوادەکات مرۆڤ، لە گرفتەکانی ژیانی ڕزگاری بێت، بریتیە لە خۆبەدەستوەنەدان و ڕووبەڕووبونەوەیان تاوەکو تێیان دەپەڕێنین.

# سەرکەوتن کاری شەو و ڕۆژێک نییە!

گەر تۆ بچیت بۆلای سەرتاشێک، ئایە لەیەکەم مەقەستەوە، کە لەسەرتی دەدات تۆ هاوار دەکەیت و دەڵێیت بوەستە؟یان چاوەڕێ دەکەیت تاکۆتایی پێدێت؟.

یان کاتێک وێنەکێشێک دەڵێت : وەرە دابنیشە وێنەیەکت بکێشم تۆ لەیەکەم فلچەیەکەوە، کە بە تابلۆکەی دادێنێت، تۆ دەڵێیت بوەستە ئەوە شێوەی من نیە؟ دڵنیام نەخێر، چونکە ئەو وێنەیە کاتی پێویستە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە وێنەکە بکێشێت کە تـۆ دەتەوێت.

سەرکەوتنیش هەروایە، کاپتن گیان دەبێت ئارام گریت هەبێت و هەتا کاتی خۆی دێت.

(جۆزسێ سەرماجۆ) ڕۆمانووسی بەناوبانگی پرتوگالی دەڵێت: (گەر من مردبام پێش تەمەنی (٦٠) ساڵی ئەوا کەس منی نەدەناسی!).

(جۆزسێ سەرماجۆ) لەناوماڵێکی هەژار و دایک و باوکێکی نەخوێندەواردا گەورە بوو، تووشی نارەحەتی زۆر بوو و تووشی ئاستەنگی زۆر بوو، بەڵام باوەڕی وابوو سەردەکەوێت و دوای ئەوەی، سێ ڕۆمانی نووسی شکستیان هێناو سەرکەوتوو نەبوون! تا ئەوەبوو ڕۆمانی چوارەمی نووسی و دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو و زیاتر لە دوو ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا!

لە ڕۆمانەکەی و لە ساڵی( ١٩٩٨ ز) خەڵاتی( نۆبڵی ) بەدەست هێنا لە ئەدەبیاتدا.

بەڵێ، سەرکەوتن کـاری شـەو و ڕۆژێـک نییە، بەڵکو هەوڵی هەموو ئەو شەوانەیە، کە تێیدا چاوەکانت لەخەو تۆراندووە بۆی لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی کە تێیدا ماندوبوویت. ئەو کۆمپانیا مەزنانەی ئێستا دەیانبنی،

وەکوو فەیسبووک و یووتوب و ئەمازۆن و گۆگڵ ....بەشەو و ڕۆژێک دروست نەبوونە!؟

ناکرێت تۆ کۆمپانیایەک دروست بکەیت و مانگێک دواتر بڵێت، بۆ من وەکو ( گۆگڵم ) لێنەهات؟

هەندێک لەوانە زیاتر لە ٢٥ ساڵە دامەزراون و زۆر جاریش شکستیان هێناوە و پارەی زۆریان لەدەستچووە. سەرکەوتن پێویستی بەکاتە. تەنانەت کاتێک( خودا) ئەو گەردوونەی دروستکرد، بە شەو و ڕۆژێک دروستی نەکرد بەڵکو لەماوەی شەش ڕۆژدا دروستی کرد لەکاتێکدا دەیتوانی بفەرموێت[کن فیکون]، بەڵام خودا فێرمان دەکات پێویستە کات بدەین بە خەون و ئامانجەکانمان، چونکە سەرکەوتن پەیوەست نیە بە کاتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە بەردەوامیەوە!

هەندێک کۆمپانیا بۆ ماوەی چوار بۆ پێنج ساڵ لەناو شکستدا بوونە، بەڵام بەردەوام بوونەوە تاوەکو ئەو ڕۆژە هاتووە و ئەو ساتە ناخۆشانەشیان تێپەڕاندووە.

(ئەبراهم لینکۆلن )سەرۆکی شازدەهەمینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تووشی نەهامەتی زۆر بوو لەسەر ڕێگای سەرکەوتن و دوای ئەوەی هەشت جاری لەدوای یەک شکستی هێنا! ئینجا توانی ببێتە سەرۆک کۆماری ئەمریکا.

( هێنری فۆرد) دەڵێت: {شکست هەلێکە بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگایەکی نوێ}. هەر بۆیە پشوو درێژەبە و وازمەهێنە، گەر شتێک هەبێت کەوا دەزانیت شایەنی ئەوەیە هی تۆ بێت، شایەنی ئەوەشە لەپێناوی تووشی ئاستەنگ ببیتەوە. هەرگیزیش داوای ئەوەمەکە لەخودا ئامانجەکەت بۆ ئاسان بکات بەڵکو داوای خۆڕاگری و بەهێزی لێ بکە بۆڕێگای پێگەیشتنی.

"گرنگ نییە ماوەی چەند تێکۆشایت؟ گرنگ ئەوەیە وازت نەهێنا، تاوەکو پێی گەیشتی."

## ئەو کەسە کێیە،
## کـە پێویستە خۆتی پێ بەراورد بکەیت؟

بڕواناکەم لەوە ئازار بەخشتر هەبێت بۆ مرۆڤ، لە بەراوردکردنی خۆت بە کەسانی دیکە. ئازارەکەش لەوەوە سەرهەڵدەدات، کە واهەست دەکەین ئەوان خاوەنی شتێکی لە ئێمە باشترن، بۆنموونە، ئازاد لەمن پارەی زیاتری هەیە و هاوکار سەیارەیەکی لە منی جوانتر کڕیوە ! محمد خانوێکی گەورەتری لە هی من دروستکردووە و هێمنیش نمرەی بەرزتری لە هی منی بەدەست هێناوە هتد.

کارەکە پەیوەندی نییە بەوەی ئەوان خاوەنی ئەو هەموو شتەن یان نا، بەڵکو کارەکە پەیوەستە بە ئێمەوە، کە ناتوانین چێژ ببینین لەوەی لە ژێر دەستی ئێمە دایە،چونکە ئێمە هەمیشە زیادەڕەوی دەکەین لەپیاهەڵدان بە شتی کەسانی تر و کەمتەرخەمیش دەکەین بەرامبەر بەو شتانەی کەخۆمان خاوەنین.

گەر بەڕاستی بۆت بدوێم هاوڕێکەم، من یەکێک بووم لەوانەی تووشی ئەو نەخۆشیە بوو بووم. ئەویش بەوەی کە واهەستم دەکرد ئەوان خاوەنی شتانێکی باشتر لەوەی منن، بەڵام تا ئەوەبوو لە شوێنێک خوێندمەوە کە نووسرابوو: ئەو شتانەی من هەمبوو خەونی زۆرێک لەوانەی دەورووبەرم بوون. بەڵکو ئاواتەخوازی ژیانی من بوون. ماڵە خۆش و گەورەکەم خەونی زۆر بێ ماڵ بوو و سەیارەکەم خەونی زۆر پیادەڕۆ بوو،بەڵام ئەوان ئاگاداری ئەو ژیانە نەبوون کە تێیدا دەژیام. ئەو ماڵەی هەمووان ئاواتیان بۆ دەخواست بۆ من لە گۆڕستانێک تاریکتر بوو و ئەو سەیارەیەی، کە هەمووان ئاواتی ئەوەیان دەخواست بۆ چرکەیەکیش لەناوی دابنیشن، بۆمن وەکو ئەوە وابوو لەناو ئاگردانێک

دابنیشم! ئەوەش دوای ئەوەی ئازیزترین کەسی ژیانم، کە هاوسەرەکەم بوو لەگەڵ هەردوو قاچم لەناو ئەو سەیارەیەدا لەدەستدا پاش ئەوەی تووشی ڕوداوێکی هاتووچۆ بووین!

هەربۆیە ماڵەکەمان بوو بە چواردیواری بێ گیان و سەیارەکەشمان لابوو بە داشقەیەکی بێ سوود . بەڵام خۆ خەڵکی ئاگاداری ئەو شتانە نەبوون. هەموو ئەوەی دەیانزانی ئەوەبوو، ژیانە خۆشەکەی خۆیان بەو ژیانە وێرانەی من بەراورد بکەن.بۆیەپێتان دەڵێم بەو ژیانە ڕووکەشەی دەیبینن هەڵمەخەڵەتێن لەناوەوەدا هەمووان دەناڵێنن. ئازاری ڕاستەقینەی مرۆڤیش ئەو کاتە دەست پێ دەکات، کە ژیانی خۆی بەراورد دەکات بە کەسانی تر و هەموو ئەوەی هەیانە بەراوردی دەکات، بەهەموو ئەو شتانەی نیەتی، بەڵام هەرگیز نایەت هەموو ئەو شتانەی،کە خۆی هەیەتی بەراوردیان بکات بە هەموو ئەو شتانەی ئەو کەسانەی لە چواردەوری دەژین نیانن. هەربۆیە سوپاسگوزار بە بەیەک بەیەکی ئەو شتانەی، کە لە ژیانتدا بونیان هەیە، هەروەکو گوتراوە:{سوپاسگوزار بە، بەوەی کە هەتە دەبیتە زەنگینترین مرۆڤ}.

سەرەڕای ئەوەی سەرەوە کە باسمانکرد،بەڵام هێشتا کەسێک هەیە، کە پێویستە ژیانی خۆمان تەنها بە ژیانی ئەو بەراورد بکەین. ئەو کەسەش خۆمانین. ئەو کارەش چۆن دەکرێت؟ ئەو کارە بەو شێوەیە دەکرێت ژیانی ئێستامان بەراوردبکەین بە ڕابردوو و داهاتووی خۆمان.

(أحمد الشقيری) دەڵێت: { سەرکەوتن ئەوەیە، ئاوڕێک لەدواوەت بدەیتەوە و زەردەخەنە بکەیت بۆ ئەو شوێنەی، کە ئێستا پێی گەیشتووی}. لەڕابردوودا لە چ شوێنێک بووین و ئێستا لە چ شوێنێکین و لە داهاتووش دەگەین بەچ شوێنێک؟

ئەگەر ئەو ژیانەی ئێستا هەر ئەو ژیانەی سێ ساڵ لەمەوپێشە و واهەست دەکەیت ئاوێنەدانەوەی سێ ساڵی دواتریشە،ئەوە بزانە تۆ

لە ناو گرفتێکی مەزندای ئەو گرفتەش بریتیە: لەچەقبەستن لە خاڵێکی نەبزووتودا.گەر سەیری گشت کۆمپانیاکانی جیهان بکەیت هێڵکاریەکیان بۆ دۆخی کۆمپانیاکەیان کێشاوە،ئەو هێڵکارییە جار هەیە بەرز دەبێتەوە و جاری واش هەیە نزم دەبێتەوە،بەڵام گەرهاتوو هێڵکاری ئەو کۆمپانیایە بەچەقبەستووی مایەوە و هیچ گۆڕانکاریەک ڕووینەدا،ئەوە داهاتووی ئەو کۆمپانیایە یەک ئەنجامی هەیە ئەویش داخستن و مایەپوچ بوونیەتی.

ژیانی ئێمەش وایە گرنگ نییە چەند جار شکست دەهێنین، یان، چەند جار براوە بووین، گرنگ ئەوەیە ئێمە بەردەوام بین و پلانی ئەوە بۆ ژیانمان دابنێین.لە دوێنی پەشیمان نەبین و چێژ لە ئەمڕۆ ببینین و ئامادەکاری بۆ سبەی بکەین.وە ئەوەشت بیر بێت ئەگەر هاتوو ئەو کارانەی، کە ئەمڕۆ ئەنجامیان دەدەیت لەئامانجەکەت نزیکی نەخستیتەوە ئەوە بزانە خەریکە ئامانجەکەت لەدەست دەدەیت. وە گوتراویشە:{ ترۆپکی گەمژەی ئەوەیە، تۆ هەموو ڕۆژێک هەمان کار ئەنجام بدەیت و چاوەڕێی ئەنجامێکی جیاواز تریش بکەیت}. بۆیە وەرە بۆ ساتێک دابنیشە و بیر لە ژیانی ڕابردووت بکەوە و بەراوردی بکە بە ژیانی ئێستات چ شتێکت گۆڕیەوە، لەژیانت بەراورد، بە سێ ساڵ پێشتر چ شتێکت بەدەست هێناوە؟ کە سێ ساڵ پێشترخاوەنی نەبوویت و چ شتێکت لە دەستدا، کەدەبوو ئێستا تۆ خاوەنی بیت.گەر لەماوەی ئەو سێ ساڵە گۆڕانکاریت ئەنجام دابێت پیرۆزبایی بکە لە خۆت کە سێ ساڵ، لە یەک ساڵی سێ جار دووبارە بوەوە دانەژیاویت.ئینجا وەرە بەراوردێکی جوانتر و پڕ بەرنامەتر بکە لە نێوان ئێستا و داهاتووت. دەتەوێت لە داهاتوو چی بەدەست بهێنی و ببیتە خاوەنی چ شتێک؟

ئەوەش بزانە ڕۆژێک دادێت، لە جیاتی ئەوەی ژیانی خۆت بەراورد بکەیت بە کەسانی تر.تەنها بیر لەو ژیانە دەکەیتەوە،کە تۆ خاوەنی بوویت، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەر خەریکی ئەوە بویت بەراوردێکی نادادپەروارانە بکەیت لە نێوان خۆت و ئەوانی تر، هیچ چێژێکت لێی

نەبینی و نەهیچ دەست کەوتێکیشت هەبوو. ئەوساتە تاکە دەستکەوت پەشیمانیە. پەشیمانیش دەستکەویت نییە مرۆڤ بۆی پێ بکەنێت بەڵکو دەبێت بۆی بگریێت.ئەو ڕاکەرەی لەکاتی پێشبڕکێدا لە جیاتی ئەوەی ئاگای لە هەنگاو و خێرایەکەی خۆی بێت و تەرکیز بخاتە سەر خێرای ڕکابەرەکانی پێش ئەوەی پێشبڕکێکە دەست پێ بکات دەیدۆڕێنێت.

ژیانی ئێمەش بەو شێوەیەیە گەر دەمانەوێت ئەوەی کردومانەتە ئامانج پێی بگەین دەبێت وەکوو ئەو نیشانە شکێنەبین، لە پێناو ئەوەی ئامانجەکەی بپێکێت وازدەهێنت، لە هەموو شتێکی دەورووبەری و تەنها ئامانجەکەی دەبینێت و دواتریش کاتێک ئامانجەکەی پێکا بەوپەڕی شادومانیەوە دەڕوانێتە دەورووبەری. هەر بۆیە تۆش سەرەتا تەنها چاو بخەرەسەر ئامانجەکەت بۆ ئەوەی دواتر بەو پەڕی شانازیەوە بڕوانیتە دەوروبەرت.پێغەمبەر (محمد)یش لە فەرموودەیەک: ئەوەمان جوان بۆ باس دەکات، کەمرۆڤ لە ڕۆژی دوایدا لەپێنج شت لێی دەپرسرێتەوە دوو لەو شتانە ( گەنجیت چۆن بەڕێکرد و تەمەنت لەچیدا سەرفکرد؟).

بەڵێ گەنجیەتی و تەمەن، ئەو دوو چەکەن کە ئێمە زیاتر لە هەر شتێکی تر پێویستیمان پێیانە بۆ ئەوەی لە پێش ئەوەی خۆرئاوابێت هەر لەخۆرەتاو ئەوەی دەمانەوێت بەدەستی بهێنین و پێی بگەین، هەربۆیەخۆشبەختانە وا ئێستاش ئێمە کاتمان ماوە، بۆ ئەوەی تەنها گرنگی بدەین بە کەشتییەکەی خۆمان و گەشتێکی پڕ چێژ و دەستکەوت ئەنجام بدەین.مادام هەمووان خاوەنی ٢٤ کاتژمێرین، کەواتە هەموومانیش دەتوانین ئەوەی بمانەوێت بەدەستی بهێنین و چێژیش بینین لەوەی کە هەمانە. باوەڕتان هەبێت بەختەوەری و سەرکەوتوی مرۆڤ پەیوەست نیە بەوەی خاوەنی چییە یان چی بەدەست هێناوە؟ بەڵکوو پەیوەستە بەوەی ئاخۆ چۆن چێژ دەبینێت لەو شتانەی کەلەبەردەستیدان؟ هەربۆیە هەوڵبدە ژیانی خۆت وابنیات بنێ، کەهەر شتێک ئەگەر بچوکیش بێت هەوڵدە لەڕێگەیەوە چێژ ببینە لە

ژیانت. فرمێسکەکانی خۆت بەراورد مەکە بە زەردەخەنەی کەسانی تر ڕەنگە فرمێسکەکانی تۆ هی سەرکەوتن بن و زەردەخەنەکانی ئەوانیش بۆ گاڵتەکردن بن بە شکستی کەسێکی تر.

> خۆت بەخۆت بەراورد بکە و بەس!

## کەسێکی تر بە جیهان بناسێنە

مرۆڤەکان دوو جۆرن:

**یەکەمیان:** ئەوانەی دێنە ئەو دونیایە و دەڕۆن کەس نازانێت کە هەبوون!

**دووەمیان:** ئەو مرۆڤانەی، کە هاتنە دونیا کەس نەیزانی، بەڵام کە ڕۆیشتن هەموو دونیا زانی کەهەبوون و خەمبار بوون بۆ ڕۆیشتنیان.

تێبینیت کرد هەردوو جۆرەکە لەخاڵێک هاوبەش بوون ئەو خاڵەش ئەوەبوو، کە لەسەرەتای هاتنە دونیاوە کەس نەیدەناسین و نەیدەزانی کەهەن، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیەجۆری دووەم بڕیاریاندا هەروا بەئاسانی ئەو دونیایە جێنەهێڵن و بڕۆن و جێپەنجەی خۆیان بنەخشێنن.

دەتوانی خۆت و خەونەکەت بەبێ دەنگی بڕۆن و کەس خەبەرنەکەنەوە، بەڵام ئایە ئەوە دڵخۆشت دەکات؟ دەشتوانی بمێنیتەوە و هەمووان بە ئاگا بێنیتەوە و پێیان بڵێیت: منیش لێرەم، منیش دەمەوێت ناوەکەم بەنەمری بمێنێتەوە.

لە( ١٩٨٥/٢/٥ ز) لە شارێ ئانچێلە لە پورتوگال، کوڕێک لە ماڵێکی هەژار لە دایک بوو. ڕۆژان ڕۆشیت و هاتن ئەو کوڕە ئارەزووی بۆ یاری تۆپی پێ زیاتر دەبوو بەشێوەیەک ئەوەندەی دەڕۆیشت بۆ یاریگاکان ئەوەندە ئامادەی وانەکانی قوتابخانەی نەدەبوو،تائەوەبوو ڕۆژێکیان مامۆستایەک پێی دەڵێت: واز لە تۆپی پێ بهێنە، چونکە تۆپی پێ نانت بۆ پەیدا ناکات!

تۆپی پێ لەگەڵ خوێنی تێکەڵ بوو بوو. بەڵام لەتەمەنی پازدە ساڵی دکتۆرەکان بەدایکی دەڵێن: کوڕەکەت یان نابێت یاری بکات، یان، دەبێت

نەشتەرگەری بۆ دڵی بکەین، چونکە کێشە هەیە لە دڵیدا!؟ ئەوکاتە دایکی زۆر نیگەران بوو چونکە ئەگەری سەرکەوتنی نەشتەرگەریەکە زۆر کەم بوو، بەڵام ئەو سوربوو لەسەر نەشتەرگەریەکە و نەشتەرگەریەکەش سەرکەوتوو بوو، دوای ماوەیەک گەڕایەوە ناو یاریگاکان.

پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەک، باوکی گیانی لەدەستدا بەهۆی خواردنەوەی زۆری مادده کحولیەکان و دایکیشی لەماڵە دەوڵەمەندەکان کاری دەکرد و خواردنی بۆ ئامادە دەکردن. سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناخۆشی بنەماڵەکەی ئەو تێیدا دەژیان، ئەو بەردەوام بوو لەسەر خەونەکەی و تێدەکۆشا بۆ ئامانجەکەی.

دوای ئەوەی بۆیەکەم جار لە تەمەنی حەڤدەساڵی یەکەم یاری خۆی ئەنجامدا، لە ڕیزی یانەی (سپۆرتینگ لیشبۆنە) دا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد. توانی سەرنجی زۆرێک لە یانە مەزنەکان، بۆلای خۆی ڕابکێشێت تاوەکو ئەوەی لە لەساڵی ( ٢٠٠٣ ز)لە تەمەنی هەژدە ساڵی و بەبڕی ( ١٧) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی پەیوەندی کرد، بەیانەی (مانچێستەر یونایت)ی بەریتانی.

دوای ئەوەی توانی لەماوەی شەش ساڵدا پاش ماندوبوون و تێکۆشانێکی زۆر و بەدەست هێنانی سێ نازناوی پریمەلیگ و یەک نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەگەڵ مانچێستەر یونایتد، لە ساڵی( ٢٠٠٩ز ) گەشتی کرد بەرەو ئیسپانیا و پەیوەندی کرد بەیانەی( ڕیاڵ مەدرید)ەوە بەبڕی( ١٣٢) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، کە بۆ ئەوساتە بوو بەگرانبەهاترین گرێبەست لە مێژووی تۆپی پێدا!

توانی لەگەڵ ئەو یانەیە، باشترین ئاست پێشکەش بکات و کۆمەڵێک نازناوی گرینگ بەرز بکاتەوە. پاشانیش کاروانەکەی بەرەویانەی (یوڤانتۆس) ی ئیتاڵی درێژە پێدا و لەگەڵ ئەو یانەیەش، زۆرترین گۆڵ و ڕیکۆردی شکاند !توانی ببێتە تاکە یاریزانی ملیاردێر لە مێژووی تۆپی پێدا.

ئەو یاریزانە بەتوانایەش هیچ کەسێک نیە جگە لە ( کریستیانۆ ڕۆنالدۆ)! بەڵێ ئەو ئێستا ناوێکی دیارە و ناوەکەشی بەنەمری دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەی داهاتی ساڵانەی زیاترە ( ٧٠٠) ملیۆن دۆلار بەلام ئەو پارانە بەشێکی زۆری بۆ کاری خێرخوازی و مرۆڤدۆستی تەرخان دەکات.

ڕۆنالدۆ گەر ئەوڕۆژەی دکتۆرەکان پێیان گوت دەبێت دەستبەرداری تۆپی پێ بێت. گەر بەوتەی ئەوانی کردبایە، ئێستا ناوێکمان نەدەبیست و نمایشێکی جوانمان نەدەبینی، کە هاندەران لەناو یارگاکاندا هاواریان لێ بەرز بێتەوە بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی ئەو نمایشی دەکات.

تۆش دەبێت ئەو کارەبکەیت، کە پێویستە ناوەکەت و کارەکانت لە گوێچکەی ملیۆنان مرۆڤدا بزرەنگێتەوە.گرنگ نییە دەتەوێت چ پیشەیەک بکەیت؟ گرنگ ئەوەیە بتوانیت ببیت بە ناوێکی دیار لەئاسمانی ئەو پیشەیەدا.پیشەکان زۆرن وەکوو(فیزیا و کیمیا و بیرکاری و دکتوری و ئەندازیاری و مامۆستایی و پێشکەشکاری و نووسەری و وەرگێران و نمایشکاری جل و بەرگ و یاریزان و هونەرمەند و ئەکتەر و پیشە سەربازیەکان و بازرگان و سیاسەتمەتدار و هتد...).

بۆیە تۆش دەتوانی ببیت بەیەکێک لەناوە هەرە دیارەکان لە داهاتوودا لەو بوارانەدا. هەر بۆ ئەمەش دەتوانی سوودێکی زۆر ببینی لە ژیانی کەسایەتیە دیارەکانی ئەو بواری دەتەوێت جێ پەنجەی تۆی تێدا دیار بێت. ئەوان چ کارێکیانکردووە و چ هەڵەیەکیان کردووە؟ بۆ ئەوەی منیش خۆم بەدووربگرم لەو هەڵەیەی ئەوان کەتێی کەوتوون.

دەست بەکار بکە و شوێن ئامۆژگاریەکانی ئەوان بکەوە و لەبیریشت بێت ئەوەی پێناسەی تۆ دەکات، دوای خۆت کارەکانت و دەستکەوتەکانتن. مرۆڤانێکی زۆر هەن ئێمە نەمان بینیون بەلام کارە جوان و ناوازەکانیان کەبۆ خزمەتی مرۆڤایەتی کردویانە ماون و شایەدی باشیان بۆ دەدەن.

* کارەکانیان پێمان دەڵێن: ئەوان چەند ماندوبوون تاوەکو بەوە گەیشتن، کە دەیان ویست؟

* کارەکانیان پێمان دەڵێن: ئەوان حەزیان لەشکست نەبوو، بەڵام لێشی نەدەترسان و لێشیان ڕانەدەکرد.

* کارەکانیان پێمان دەڵێن: ئەوان بەناو ناخۆشەیەکاندا گەیشتن بە خۆشیەکان. هەروەکو ئەو گوڵەی کەپێویستە ئازاری دڕکەکانی بچێژیت پێش ئەوەی بۆنی گوڵەکە بکەیت.

* کارەکانیان پێمان دەڵێن: ئەوان باش تێگەیشتبوون کە تەمەن کورتە و پێویستە شەو بخەیتە سەر ڕۆژ بۆ ئامانجەکەت .

بۆیە ئاگادار بەو ساتێکی تەمەنت بەفیرۆمەدە، چونکە تەمەن ئەو بەفرە سپییەیە، کە پێویستە سوودی لێ ببینی پێش ئەوەی بتوێتەوە. ڕەنگە زستانێکی تر دابێتەوە و بەفر وڵات سپی بکاتەوە، بەڵام تەمەن یەک جارە و ناگەڕێتەوە. سەرفرازە ئەو گەنجەی لەو تەمەنەی، کە پێی دراوە دەتوانێک داهاتوێکی جوان و ناوازە بۆخۆی بنیات بنێت. هەرگیز کات درەنگ نیە بۆ هیچ مرۆڤێک بۆ ئەو شتەی کە دەیەوێت پێی بگات بەڵام باشترین و پڕ وزەترین کاتی تەمەن تەمەنی گەنجیە( ٢٥ بۆ ٤٠ ) ساڵی گەنج لەو تەمەندا لەهەر ساتێکی تری ژیانی شارەزاو بەتواناترە و هۆشیارترە لە هەرقۆناغێکی تر.{پێغەمبەرمحمد(درودی خودای لەسەر بێت)} لەتەمەنی( ٤٠) ساڵیدا، بوو بە پێغەمبەری ئیسلام. لیۆنێل میسی لە تەمەنی( ٣١ )ساڵیدا بوو کەتوانی بۆ جاری شەشەم نازناوی باشترین یاریزانی جیهان. بەدەست بهێنێت و( أحمد الشقيري) لە لەتەمەنی ٣٧ ساڵیدا بوو توانی خەڵاتی پلەی یەکەم، بۆ کاریگەرترین و بەهێزترین کەسایەتی بەدەست بهێنت لەوڵاتانی عەرەبیدا.( ئارنۆڵد )لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا توانی ببێتە براوەی نازناوی(پیاوی گەردوون). وە لەگەڵ کەسانێکی زۆری تر کە ئێستادا لەو پەڕی ناوبانگ و درەوشانەوەدان،

بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە گەر تۆ تەمەنت زیاتر بوو یان لە کۆتایی ساڵەکانی ژیانتدا بووی دەست بەرداری خەونەکەت بیت. نەخێر مرۆڤانێکی زۆر هەبوون لە سەرووی ( ٥٥ ساڵیەوە توانیویانە بگەن بەوەی کە دەیانەوێت. ئەو ڕاستیەش( هارلاند ساندرۆز) دامەزرێنەری زنجیرە خواردنگەکانی (کنتاکی) کە زیاتر لە ٢٠ هەزار لقی هەیە، لەسەرانسەری جیهاندا بۆمان پشت ڕاست دەکاتەوە پاش ئەوەی، لەگەشتی ژیانی شکستی زۆری تۆمار بکات و لە تەمەنی ٦٥ ساڵی بگات بەخەونەکەی و توانی سەروەتێکی مەزن بۆخۆی نەوەکانی کۆبکاتەوە.

تۆش ئیمپڕاتۆریەک بۆخۆت دروست بکە. نەمری تاوەکو لەوە دڵنیا دەبیتەوە، کە ناوەکەت بەنەمری دەمێنێتەوە. ببە بەنمونەیەک بۆ سەرکەوتن و کۆڵنەدان بۆ ئەوەی سبەی هەزاران کەس لەتۆوە فێری وانەی خۆڕاگری و سەرکەوتن ببن.

"هەمووان بەجەستە دەمرین، بەڵام ئێمە ڕێگا نادەین ناو و کارەکانمان بمرن."

## گەر دەتەوێت خەونەکەت لەباربچێت، کارەکانت دوابخە!

کاتێک یاریزانێک شکست دەهێنێت لە یاریەکدا، مانای ئەوەنیە یاریزانێکی خراپ بێ، بەڵکوو بەهۆی ئەوە بووە،کە ڕاهێنانەکانی دواخستووە و بەباشی خۆی ئامادەنەکردووە.یان کاتێک ئێمە دەمانەوێت بگەین بە ئامانجێک بەڵام ناتوانین پێی بگەین ئەوە واتای ئەوەنیە ئێمە شایەنی ئەو شتە نەبووین. بەڵکوو ئەوە ئێمەبووین کار کردنمان بۆ ئەو ئامانجە دواخستووە بۆ ڕۆژی دواتر.

(عومەری کوڕی عبدالعزیز) دەڵێت: (سەیرم لە مرۆڤێک دێت کاری ئەمڕۆی بۆ سبەی دوادەخات. مرۆڤێک نەتوانێت کاری ڕۆژێک ئەنجام بدات چۆن دەتوانێت بۆ ڕۆژی دواتر کاری دوو ڕۆژ ئەنجام بدات). بۆیە گەر دەتەوێت پەشیمان نەبیت و ڕۆژێکی بێ گرفت بەڕێ بکەیت هەموو ڕۆژێک کارەکانت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدە. نەکەی تۆش وەکو هەندێک کەس تووشی نەخۆشی ئەرک دواخستن بیت!. ئاخر مرۆڤانێک هەن پێیان بڵێ ئەو کارە بکە دەڵێت دواتر ئەنجامی دەدەم. ئەو خوێندکارەی گشت وانەکانی فەرامۆش دەکات بۆ شەوی پێش تاقیکردنەوە. سبەی تەنها دەبێت چاوەڕێی یەک ئەنجام بکات لەسەر کاغەزەکەی ئەویش، کە نووسراوە(دەرنەچووە).

من بۆخۆم یەکێک بووم لەو مرۆڤانەی کە تووشی ئەو نەخۆشیە بوو بووم. هەرکاتێک، باوکم دەیگوت :ئەو کارە بکە (موحسین)، من دەمگوت بەسەرچاو باوکە گیان دواتر ئەنجامی دەدەم، بەڵام من هەر دوام دەخست تاوەکو ئەوەی باوکم لێی دووبارە دەکردمەوە دەیگوت:

ئەریٔ موحسین ئەو کارەت ئەنجامدا؟ منیش دەبوو بەشەرمەزاریەوە بڵێم: باوکە گیان ببورە لەبیرم چوو، ئێستا ئەنجامی دەدەم. بۆیە منیش بڕیارمدا هەرگیز کاری ئەو ساتە بۆ کاتێکی تر هەڵنەگرم،چونکە ناکرێت من ئامۆژگاری تۆ بکەم بۆ ئەنجامدانی شتێک و خۆشم پێیەوە گرفتار بوو بێتم و هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی نەدەم. گەر بڵێم کەسێکم بۆ دەست نیشان بکە پەشیمان بێت لەوەی کارەکانی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دابێت، دڵنیام ناتوانی هیچ کەسێک بدۆزیتەوە بڵێت من پەیشمانم لە کردنی کارێکی ڕاست لە کاتێکی گونجاودا. بەڵام گەر بێت و بڵێم کەسێکم نیشان بدە پەشیمان بێت لە ڕابردووی بەهۆی ئەوەی کاری ئەمڕۆی بۆ سبەی دواخستوە. دڵنیام بەهەزاران کەس دەدۆزیتەوە کە پەشیمانە لەوەی کە کاری ڕاستی ئەنجام نەداوە لە کاتی گونجاودا. بۆ هەر ڕۆژێک کارێکی دیاریکراو هەیە تۆش هەڵبدە بزانیت لەسەرت پێویستە ئەمڕۆ چ کارێک ئەنجام بدەیت؟ بۆ ئەوەی سبەی لە نەکردنی پەشیمان نەبیتەوە،چونکە ئەنجامدانی کارەکان لە کاتی خۆیدا واتا تۆ ئامادەی بۆ ئەگەری ڕوودانی تۆفان و ترست نیە لەوەی تۆفانەکە کەشتیەکە نقووم بکات. هەروەکو ئەو خوێندکارەی، کە بەژیرانە ئەرکی ماڵەوەی ئەنجامداوە و سبەی لە خوێندنگە ترسێکی نیە کاتێک مامۆستاکە، داوای ئەرکەکانیان لیٔ بکات.

گەنجێک بیەوێت بەشداری بکات لە پێشبڕکێیەکدا دەبێت،بزانێت چ کاتێک پشبڕکێکە دەست پێدەکات بۆ ئەوەی ئەویش ئامادەکاری بکات بۆ بەشداری کردن لەو پێشبڕکێیەدا، بەڵام گەر هاتوو وتی: ئەمڕۆ نا سبەی. دەبینێت وا کاتی بەشداری کردن کۆتایی هات، بەڵام ئەو بەشداری نەکرد. ئەوکات تەنها پەشیمانی بۆ دەمێنێتەوە. هەر بۆیە گەر ڕۆژانە کار نەکەیت بۆ ئەوەی لە ئامانجەکەت نزیک بکەویتەوە ئەوا بزانە تۆ کار دەکەیت، بەڵام بۆ دوورکەوتنەوە لە ئامانجەکەت لەڕێگەی دواخستنی کارەکانت. گەر دەتەوێت شکست بهێنی بەخۆت بڵیٔ: ئەمڕۆ

ئەو کارە ناکەم سبەی ئەنجامی دەدەم. بەڵام گەر بتەوێت سەرکەوتوو بیت دەبێت بەخۆت بڵێیت: من کاری ئەمڕۆ هەر ئێستا ئەنجام دەدەم.

> پێشینان جوانیان فەرمووە: کاری ئەمڕۆ بۆ سبەی هەڵمـــــەگرە.

**ئاستەنگەکان دەستکەوتەکان دروست دەکەن:**

گەر مایکێک بەدەستەوە بگریت و بڕۆیت بۆلای ئەوانەی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، لێیان بپرسیت چۆن گەیشتن بەخەونەکانیان؟ یەکەم شتێک باسی دەکەن ئەو بەربەست و ئاستەنگانەیە کە بڕیویانە. هەیانە بە زەردەخەنە بۆت دەدوێت و هەشیانە بە فرمێسکەکانی پێمان دەڵێت: تاوەکو گەیشتووە بە لوتکە تووشی چەند ئاستەنگ بووە. هەیانە بە سەدان جار لە سەر کار دەرکراوە هەیانە پارەی ئەوەی پێنەبووە بۆ ئەوەی نانێک بۆخۆی بکڕێت هەیان بوە بۆماوەی ساڵانێکی زۆر لە ناو کوخێکی خراپدا ژیانی کردووە، هەیانە بۆ دەیان ساڵ بەدەست ئازاری نەخۆشیەوە ناڵاندویەتی.

(ستیف هارفی) دەڵێت: من ماوەی سێ ساڵ لەناو سەیارەکەم ژیانم کرد و لە گەرماوی هۆتێلەکان خۆم دەشوشت و دەیەها جار ڕۆیشم بۆ ئەوەی کارێکم لە تەلەفیزۆنەکان بدرێتێ وەکو پێشکەشکار، بەڵام هەر ڕەتدەکرامەوە تاوەکوو ئەوەی ڕۆژێکیان پەیوەندیم پێوەدەکرێت، لە نیویۆرک بۆ ئەوەی لە تەلەفیزیۆنێک دەربکەوم، بەڵام من جگە لە ٢٥$

دۆلار هیچتر پارەم لانەبوو بۆیە دەستم کرد بەگریان، چونکە بۆیەکەم جارە واهەست دەکەم خەونەکەم ببێت بەڕاستی بەڵام ناتوانم بەهۆی بێ پارەی پێی بگەم.

سەیربکەن (ستیف هارفی) ئێستا یەکێکە لەبەناو بانگترین و دیارترین پێشکەشکارەکانی ئەمریکا و جیهان و کتێبەکانی بەیەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکان دادەنرێن. چۆن گەیشت بەو ئاستە؟ دەبێت چەند ئازاری بینیی بێت؟ بەڵام وتەیەکی جوانی فەیلەسوفی مەزن (سوقرات) هەیە کە دەڵێت: ( شیرینی یەک جار سەرکەوتن، بەرامبەر تاڵی سەد جار شکست هەیە).

ڕاستە مرۆڤ ڕۆژانێک ئازاری چەشتووە و گریاوە بەدەست ئەو ئاستەنگانەوە، بەڵام ئەو ڕۆژەی سەردەکەویت بەدڵخۆشیەوە باسی ئەو ئاستەنگانە دەکەیت.لەو ئاستەنگانەوە فێری خۆڕاگری و بەهێزی دەبیت.

(جەی کەی ڕاولینگ) نووسەری یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکان لە جیهاندا کتێبی(هاری پۆتەر) زیاتر لە ١٢ جار تووشی ڕەتکردنەوە بویەوە و کەس ئامادە نەبوو کتێبەکانی بۆ چاپ بکات و بڵاوبکاتەوە. ئەو کاتەی، کە تۆ لەسەر ڕێگای ئامانجەکانت ڕێدەکەیت دەبینیت بەهەزاران ئاستەنگ دێنەسەر ڕێت.

(جاک کانفیڵاد) کاتێک ویستی کتێبی( سووپی مریشک) بڵاوبکاتەوە تووشی قەرزێکی زۆر بویەوە و لە ٢٧ ناوەند پێیان وت: کەس ئامادە نیە کورتە چیرۆک بخوێنێتەوە. بەڵام کۆڵینەدا و بەهەر جۆرێک بێت کەسێکی دۆزیەوە، کە کتێبەکەی بۆ بڵاوبکاتەوە ئێستا فرۆشی ئەو کتێبە لە ٢٢٠ملیۆن تێپەڕی کرد و بوو بە یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکان!

لەئاستەنگەکان مەترسە، لەوە بترسە خەونەکەت لە پشتی ئەو ئاستەنگەوە بێت و تۆش بوێری ئەوەت نەبێت ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگە ببیتەوە و بگەیت بە خەونەکەت. تۆ چی دەڵێیت بەو پیاوەی دوای

ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر هەوڵی دەدا و دەگەڕا بەدوای زێڕدا، بەڵام هەر نەیدەدۆزیەوە و پێی نەدەگەیشت تا ئەوەبوو ڕۆژێکیان بێزاربوو و دەستی هەڵگرتوو وازی هێنا، بەڵام ئەو هەژارە نەیزانی، کە تەنها نیو مەتر لە کانگای زێڕەکەوە  دوور بوو. دوای ئەو کەسێکی تر هات و گەیشت بە زێڕەکە و بوو بە دەوڵەمەنترین پیاوی ناوچەکە. تۆ ئازادیت چ ناوێک دەنێیت لەو پیاوە، بەڵام زۆرێک هەبوون درکیان نەکرد چەند نزیکن لە ئامانجەکانیان و ئاستەنگەکان هاتن و ئەوانیشیان لەگەڵ خۆیان برد. بۆیە تۆ بەهێزبە گرنگ نیە تووشی چەند ئاستەنگ دەبیت، چەند جار دەکەویت گرنگ ئەوەیە بەرگەبگریت. هەر کاتێکیش تووشی بارودۆخێکی بێزارکەر بوویت بەخۆت بڵێ، کە ئەو ساتەش تێدەپەڕێت. ئەی نەتبیستوە ئەڵماسیش هەر لە خەڵوز دروست دەکرێت، بەڵام پاش ئەوەی خرایە ژێر هێزێکی زۆر و پلەی گەرمی بەرز ئەو کاربۆنەی تێیدایە دەگۆڕێت بۆ ئەڵماس. مرۆڤەکانیش بەو شێوەیەن تەنها ئازار و ئاستەنگەکانن کە مرۆڤێکی جیاوازتر دروست دەکەن لە ئەوانی تر.

هاوڕێیەکەم هەرگیز سەرزەنشتی ئەو بارودۆخە مەکە کە ئێستا تێیدای، بەڵکو سەرزەنشتی خۆت بکە، کە هیچ کارێکت نەکردووە، بۆ ئەوەی لەو ئاستەنگ و باودۆخە خراپەی تێیدای ڕزگارت بێت. گەر کەسانێک وەکوو ئاستەنگێک لە پێشت بوەستن و پێت بڵێن: دۆڕاو. ئەوان تاوانبار نین، بەڵکو ئەوە خۆتی، کە کارێک ناکەیت بۆ ئەوەی هەر ئەو کەسانە بانگت بکەن و چەپڵەت بۆ لێبدەن و بڵێن: براوە.

> نیگەران مەبە لە هەبوونی ئاستەنگ، گەر ئاستەنگێک بوونی هەبێت ئەوا هێزێکیش هەیە بۆ ئەوەی تێک بشکێندرێت.

## لە گۆمی بچوکدا، ماسی گەورە ڕاوناکرێت!

کاپتنی زیرەک و هۆشیار باش لەوە تێگەیشتووە کەنار دەریا هی ئەوەنییە بتوانی ماسی گەورەی لێ ڕاوبکرێت، بەڵکو دەبێت کەشتیەکەی بۆ ناوەڕاست و قوڵای دەریا بەگەڕ بخات. بۆئەوەی بتوانێت دەستکەوتێکی باشی هەبێت. مرۆڤی خاوەن ئامانجیش دەبێت وریابێت و باش ئەوە بزانێت بۆ ئەوەی بەخەونەکەی بگات دەبێت شوێنەکەی بگۆڕێت. گەر قوتابییەک لە گوندێکی دوورە دەست خەونی ئەوە بێت بڕوانامەی ماجێستەر بەدەست بهێنێت دەبێت بڕوات بۆ شارێک یان وڵاتێکی تر بۆ ئەوەی بەخەونەکەی بگات،چونکە لە گوندەکەی خۆیان، لە خوێندنگەی ئامادەیی بەولاوە زیاتری لێ نییە. تۆ گەروا دەزانیت لەو شوێنەی ئێستاکە ناتوانی بگەیت بەوەی کە دەتەوێت، دەبێت شوێنەکەت بگۆڕیت، چونکە تاوەکو لەو شوێنەدا بمێنیتەوە ناتوانی هیچ شتێک بگۆڕیت. بەڵکو ئەوە وادەکات تواناکانیشت لە دەست بدەیت. هەروەکو ئەو گۆمەی، کە ئاوی لەناویدا دەمێنێتەوە و لەبەری ناڕوات، ئاوەکەی بۆگەن دەبێت!

ئەی دەبێت چی بەسەر توانا و عەقڵی ئێمەی مرۆڤدا بێت کاتێک بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو بەکاری نەهێنین؟

لە زانکۆی ( یەلی) ئەمریکی لێکۆڵینەوەیەک ئەنجامدرا دەڵێت: (مرۆڤ گەر بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکی دیاریکراودا مایەوە، ئەوا ئەو بەشەی عەقڵ کە بەرپرسیارە لە فێربوون. لە چالاکی دەکەوێت). لەبەر ئەوەی چالاکی و جوڵەیەکی نوێ نییە تاوەکو ئەو بەکرداری فێربوون و لێکداوەنەوە هەڵبستێت، چونکە شتەکان گشتی بەلای ئەو بەشەی مێشکەوە دووبارەن. هەر بۆیە گەر شتێکی نوێت بوێت دەبێت شتێکی نوێش تاقیبکەیتەوە. هەروەکو گوتراوە: ( گەر دەتەوێت شتێک بەدەست

بهێنی که پێشتر خاوەنی نەبوبێت، دەبێت کارێکیش ئەنجام بدەیت که پێشتر نەتکردبێت). هەموو ئەو گەنجانەی، که دەیانەوێت ببن به ئەکتەر له (بۆلیوود) گەشت دەکەن بۆ بۆمبای، که به شاری دروستکردنی فیلم دادەنرێت له هیندستان و زۆربەی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری فیلم لەم شارەدا دادەنیشن.

ئەوە تۆی دەبێت ڕابکەیت بەرەو خەونەکەت. لەو زەویە مەزنە بەشتانێکی کەم و بێ نرخ ڕازی مەبە.، چونکه هەمیشه کاپتنه مەزنەکان ئەو قسەیە دووبارە دەکەنەوە و دەڵێن: (بۆچی دەبێت ئێمه له دەریایەکی مەزن، به ماسی بچووک ڕازی ببین). ژیانیش دەریایە، تۆ نابێت به دەست کەوتی بچووک ڕازی ببیت،چونکه تۆ شایەنی باشترین و بەبەهاترین دەستکەوتەکانی لەو ژیانە. گەر دەتەوێت بگەیت با ئامانجەکەت گرنگ نیه تۆ له چ شوێنێکی و ئەو له چ شوێنێکە؟ به ڕاکردن ڕاکه بۆ ئامانجەکەت و مەوەستە دڵنیام پێی دەگەیت. هەموو ئەو کەسانەی که ئێستا تۆ پێیان سەرسامی گەر بچیت ژیانیان بخوێنیتەوە دەبینیت، له گوندێکی بچووکەوە، یان گەڕەکێکی هەژار نشینەوە دەستیان به گەشتەکەیان کردووە.

(ڕۆبێرتۆ خیسۆسی) یاریزانی بەڕازیل و یانەی مانچستەر ستی، له پاکەرەوەی شەقامەکان و گەڕەکێکی هەژار نشینەوە گەشتەکەی دەست پێکرد بەرەو خەونەکەی، وادەبینین ئێستا له ترۆپکی بەناوبانگ بووندایە. تۆش گەروا گومان دەبەیت خەونەکەت لێتەوە دوورە تەنها لەسەرت پێویستە بەرەو ڕووی بڕۆیت. خەونەکەت خاوەنی قاچ نیه، ئەوە تۆی قاچت هەیە و پێویستە بەرەو ڕووی ڕابکەیت. خەونەکەت هەرچەند مەزن بێت، تۆ مەزنتریت! ئەوە تۆیت ڕوح دەکەیتە بەر خەونەکەت . گەر تۆ نەجوڵێیت خەونەکەت بەبێ مانای دەمێنێتەوە. وە هەموو ئەو شتانەی که دەبینیت خەڵک خۆشحاڵە بەهەبوونیان پێشتر هەوڵی بۆداوە و ئازاری بۆ چێشتوە و ئێستا پێی گەیشتوە.

مینا لە فیلمی ئاغازاە دەڵێت: بۆئەوەی ماسی گەورە ڕاوبکەیت، پێویستە تۆڕەکەت مەزن بێت، گەر دەشتەوێت بەشتی مەزن بگەیت پێویستە مێشکت فراوان بکەیت.

**ڕێگایەکی نوێ دروست بکە:**

ئەو کاتەی کەوا هەست دەکەیت ئەو ڕێگایەی لەسەری دەڕۆیت ناتگەیەنێت بەئامانج، بوێربە و ڕێگاکە بگۆڕە و ڕێگایەکی نوێ دروست بکە.

بەڕێ بکەوە، گرنگ نیە گەر کەس نەهات بەڕێگاکەدا بەتەنها برۆ. دواتر دەبینیت ئەو ڕێگایەی تۆ بووە بەو ڕێگایەی بەکاروان خەڵکی لەسەری دەڕۆن،ڕاستە دروستکردنی ڕێگایەکی نوێ قورسە، بەڵام مەحاڵ نیە.

(مارک زوکبێرگ) ئەو کاتەی فەیسبووکی دامەزراند، تەنها خۆی و دوو هاوڕێی بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەوانەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەکار دەهێنن ژمارەیان لە دوو ملیارد و نیو تێپەڕی کردووە. ئەو شاعیرانەی شیعری ئازادیان داهێنا و پشتیان کردە ڕێبازی کلاسیزمی تووشی ڕەخنەی زۆر بونەوە، بەڵام ئەوەتا ئێستا زۆربەی شاعیران بەشێوەی ئازاد شیعر دەنووسن.

گوێ مەگرە بۆقسەی هەندێک کەس ئەوان خۆیان بوێری کردنیان نیە. دەیانەوێت تۆش وەکوو خۆیان لاواز و بێ هێز بیت. زانایانی بیرکاری ئەوە باش تێگەیشتوون، هەندێک پرسیار دەتوانی بە زیاتر لە ڕێگایەک شیکار بکەیت. گەر سەیرێکی چوار دەوری خۆت بکەیت

باش لەوە تێدەگەیت زۆرێک  لە کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان خۆیان بۆ خۆیان دروستکەری ڕێگاکە بوون،چونکە باوەڕیان وابوو دەتوانن شتێکی جیاوازتر لە کەسانی تر ئەنجام بدەن. تۆش دەبێت ببیت و جیاوازی دروست بکەیت. چونکە گەر تۆ نەتوانی جیاوازی دروست بکەیت واتا تۆش لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەوان ڕێ دەکەیت. جیهان پێویستی بەو هەموو هاوشێوەیە نیە. جیهان ڕەنگێکی تری دەوێت بۆ ئەوەی جوانتر دەربکەوێت. تۆش ئەو کەسەبە، ڕێگایەک دروست بکە. ڕێگایەک، کە بتوانی خۆت و ئەوانی چواردەورت ڕزگار بکەی. پزیشک، کاتێک دەگەڕێت بەدوای دەرمانێکی نوێدا، بەتەنها بۆخۆی نیە، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەیەتی کە پێویستیان بەو دەرمانە هەیە. کاتێک تۆش دەگەڕێیت بۆ ئەوەی ڕێگایەکی نوێ بدۆزیتەوە، دەتەوێت هەمووان لە گەڵ خۆت سواری کەشتییەکە بکەیت.

ئەو کاتەی پاشای میسر خەونەکەی بینی، ویستی بگەڕێت بۆ واتای خەونەکەی  و پاشان پێغەمبەر(یوسف) ڕاڤەی خەونەکەی بۆ باسکرد، بەتەنها خەونەکەی پاشای میسری لێک نەدایەوە، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی، خۆشی لە زیندان و خەڵکی میسریش لە قەیران و نەمانی خۆراک ڕزگار بکات. بۆیە بگەڕێ تاوەکو ڕێگایەکی نوێ دەدۆزیتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بگەیت بە ئاوات و خەونەکانت.

> ❝ دروستکردنی ڕێگایەکی نوێ سەختە، بەڵام مەحاڵیش نیە. ❞

## پێش ئەوەی تۆ، خۆت بەدەستەوە بدەیت!

هاوڕێی ئازیزم دەمەوێت پێت بڵێم: بڕیار نەبوو لە نیوای ڕێگا ماندوو ببین و دەست هەڵبگرین لە ئاواتەکانمان. بڕیار نەبوو کۆسپەکان بمان وەستێنن. ڕاستە ئازار دەچێژین، بەڵام دەست هەڵناگرین. ئەوە بیری خۆت بهێنەوە بۆچی دەستت پێکرد؟ بۆچی دەتویست بەدوای ئەو خەونەتدا ڕابکەیت؟ بۆچی دەتویست داهاتوێکی گەش بنیات بنێیت؟ ئەی ئێستا بۆچی دەبێت واز بهێنیت؟ بیرمە ڕۆژێکیان پیاوێک دەیگوت: من هەرچەندێک ماندوو و بێزاریش ببم لە کارەکەم،ئەوە وەبیر خۆم دەهێنمەوە، کە من لەپێناو خێزانەکەم ئەو کارە دەکەم.

تۆش دەبێت کۆمەڵێک هۆکار بنیات بنێیت .ئەگەر هاتوو تۆفانی کێشەکان بەرۆکی گرتی و ماندوبوویت. ئەوان ببنە هۆکارێک بۆ بەردەوامیت. ملیۆنەرێکی بەناوبانگ دەڵێت: من وێنەی ئەو بەڕێوەبەرەی، کەکارم لەلادەکرد لە پشت سەری خۆم هەڵواسیوە، بۆ ئەوەی هەرکاتێک بێزاربووم لە کارکردن. ئەو ڕۆژانەم بیربکەوێتەوە کە لە ژێردەستی ئەودا کارم دەکرد و ئازارم دەچێشت، بۆیە ئەو کاتە بەخۆم دەڵێم گەر باش کار نەکەم و شکست بهێنم توشی هەمان کار و هەمان ئازار دەبمەوە.ئێمەش بۆیە بڕیارماندا بجەنگین لەگەڵ ئاستەنگەکانی ڕێگاکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین بەسەریاندا سەربکەوین،نەوەکو چۆکدا بدەین. زانایانی بواری دەروونناسی دەڵێن: کارێکی زۆر ئاساییە مرۆڤ، توشی بێزاری و نائومێدیەکی کورت ببێت، لە ڕێگەی گەیشتن بە ئاواتەکانی، بەڵام ئەو ئازارە نابێت وات لێ بکات، دەست هەڵبگریت لەوەی کە دەتەوێت پێی بگەیت.

هەموو ئەوانەی ئێستا لەسەر شاشەکانی تەلەفیزیۆنەوە، وانەی ئومێد و هیوا دەڵێنەوە. ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژوورە تاریکەکاندا بەدەست ئازاری

ڕێگای سەرکەوتنەوە گریاون و هاواریان کردووە. ئەکتەر هەبووە، دوای ئەوەی فیلمەکەی توشی شکست بووە، نەیتوانیوە بۆماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ هیچ چالاکیەک ئەنجام بدات و توشی نائومیدی بووە، بەڵام پاشان بەهۆی بەهێزی ویستەکەی بۆ سەرکەوتن و یارمەتی دەوروبەریەوە توانیویەتی دووبارە لەگەڵ سەرکەوتن ئاشت بێتەوە. بازرگان هەبووە چەندجار لە مامەڵەکەیدا شکستی هێناوە و ملیۆنان دۆلاری لەدەست چووە، بەڵام وازی نەهێناوە، چونکە باوەڕی وابووە، دەتوانێت لە مامەڵەیەکی تردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوە. ژیانیش تەنها ناوی ئەوانەمان فێردەکات، کە سەرکەوتوو بوونە و کۆڵیان نەداوە!

ئایە تۆ کەسێک دەناسیت دەستبەرداری خەونەکەی بوبێت و شکستی هێنابێت ؟بەڵام لای خەڵکیش ناسراو بێت و ئەوانیش ئاواتەخواز بن وەکو ئەویان لێبێت؟ دڵنیام وەڵامەکەت نەخێرە. هیچ کەسێکی ژیر ئاواتەخواز نییە وەکو مرۆڤێکی شکستخواردووی لێبێت، بەڵام زۆرن ئەو مرۆڤانەی، کە بەئاواتەخوازی جێگای ئەو مرۆڤانەبوون کە سەرکەوتوو بوون. تۆش ببە بەیەکێک لەو مرۆڤانەی کە کەسانێک بێن و ئاوات بخوازن وەکو تۆ سەرکەوتوو بن لە ژیان.

بیریشت دەهێنمەوە پێش ئەوەی واز بهێنیت و بگەڕێیتەوە خاڵی سفر. وازمەهێنە. گەر تۆ وازبهێنی واتا تۆ دانبەوە دادەنێیت، کە ئاستەنگەکان لە تۆ بەهێزتر بوون و تۆ لاواز بویت. وە تۆ شایەنی ئەوە نەبووی بگەیت بەو شوێنەی کەدەتویست. گەر تۆ وابزانی ئەو شوێنە هی تۆیە. بزانە ئەو ئاستەنگانە دەبێت تێپەڕێنی، بۆ ئەوەی پێی بگەیت.

نەکەی بێزار بیت کاتێک ماندوو دەبیت،چونکە ماندوبوون ڕێگای سەرکەوتنە. (تەلاڵ ئەبو غەزال) یەکێک لە دیارترین پیاوەناسراوەکانی وڵاتانی عەرەبی دەڵێت: ((ماندوبوون لە ڕێگای سەرکەوتن پشوودانە، ئەوەی بەڕۆژ ماندوو بێت بەشەو پشوو وەردەگرێت. وە دەمەوێت

بەهەموو ئەوانە بڵێم، کە دەیانەوێت پشوو بدەن. دەڵێم ماندووبن بۆ ئەوەی پشوو بدەن. پشوودان زیان بەتەندروستی دەگەیەنێت. ئەوەش شتێکە من بۆخۆم تاقیمکردۆتەوە، کارکردن پشوودانە. پشوودانی تەندروستی و پشوودانی دەروونی)). دڵ تا ئەوکاتەی لێدەدات، ئێمە ژیان دەکەین گەر دڵ لە لێدان بکەوێت، ئەوکات ئێمەش پشوو وەردەگرین و دەمرین. گەر دڵی ئێمە ئەوەندە دڵسۆز بێت بۆ ئێمە، با ئێمەش ئەوەندە دڵسۆزیەمان تێدابێت، کە بەردەوام بین لە پێناو ژیان و خەونەکانمان!

هەربۆیە دەبێت ئەوە بزانین، ئێمە تا ئەوکاتەی بەدوای ئامانج و کارێکەوەین زیندوین و بوونمان هەیە، گەر بێکار وەستاینەوە. ژیانمان ڕادەوەستێت و مانایەک بۆ بوونمان نامێنێتەوە.

> ئاو، تا ئەوکاتەی لەناو جۆگەلەیەک ڕێ دەکات، ڕوون وسافە،
> بەڵام گەر وەستا بۆگەن دەبێت.

## هەنگاوێک پێش سەرکەوتن!

مرۆڤی ئومێدەوار هەرچەندێک ماندوو بێت، هێشتا چێژ دەبینێت لەوماندووبوونەی، کە چێشتویەتی، چونکە ئێستا لەناو دەریاوە دورگەی سەرکەوتن دەبینێت و پێی دەگات. ئەو شوێنە دەبینێت کەوا بەڕۆژ و بەشەو لەپێناویدا بەرگەی تۆفانی نارەحەتیەکانی گرتووە. ئەو نارەحەتیانەی گەر مرۆڤێکی بەهێزی وەکو تۆ نەبایە، توانای بەرگە گرتنیان نەبوو. بۆیە دەبێت زۆر خۆشحاڵ بیت کەتوانیت درێژە بەگەشتەکەت بدەیت و بەردەوام بیت لەو ڕێگایەدا.

گەر کەسێک بەرەو خەونێک ڕابکات، ئەوا خەونێکیش هەیە چاوەڕێی بکات.

**ساتی گەیشتن، بە ئامانج!**

ئەو ڕۆژانەی ئازارت دەبینی و ئەو شەوانەی خەو لە چاوانت تۆرا، لە پێناو ئەو ئامانجەی، کە هەتبوو. وا ئێستا پێی گەیشتی، ئێستا سەرکەوتن موڵکی تۆیە. دەتوانی بەئارەزووی خۆت سەرکەوتنەکەت لە باوەش بگریت. بە ئارەزووی خۆت بگریت، بەڵام ئەو گریانە نا،کە شەوان لە ژێر پێخەفەکەتدا دەگریایت، لەترسی ئەوەی کەسێک هەست بە لاوازیت نەکات.فرمێسکەکانی ئەمڕۆت بۆ ئەوەیە، ماڵئاوای بکەن لە ڕۆژە ناخۆشەکانت. ئێستا بەبوێری فرمێسکی شادیی دەڕێژیت و بەهەمووان دەڵێیت: لەفرمێسکی ئازار بەخشەوە فرمێسکی ئازار لادەرمان دروست کرد. ئەو فرمێسکانە ئەو وشانەن، کە زوبان لە ئاست وتنیان لاڵبوو. بەڵێ ئێستا تادەتوانی دڵخۆش بە، تا دەتوانی ئاهەنگی خۆشی بگێڕە. سەرکەوتنێک گەر شایەنی ئەوە بێت لە پێناوی ئازار بچێژیت، شایەنی ئەوەشە ئاهەنگێکی مەزنیشی بۆ بگێڕیت!

(جاکی شان): ئەکتەری ناوداری جیهانی کاتێک خەڵاتی ئەکادیمی ئۆسکاری پێ بەخشرا وتی: پاش ئەوەی هاتم بۆ هۆلیوود .( ٢٣)ساڵ لەمەوبەر ڕۆیشتم بۆ ماڵی هاوڕێیەکەم(سلیڤستەر ستالۆن). ئەو کاتەی کەخەڵاتی ئۆسکارم بینی لە ماڵەکەی ئەو، دەستم لێدا و ماچمکرد و بۆنمکرد!

ئەو کاتە لەگەڵ خۆم قسەم کرد گوتم: منیش دانەیەکم لەوە دەوێت. لەکۆتایدا.. پاش( ٥٦) ساڵ لەناو بواری دروستکردنی فیلمدا و دروستکردنی زیاتر لە( ٢٠٠) فیلم و شکانی زۆرێک لە ئێسکەکانم، توانیم خەڵاتێکی ئۆسکار ببەمەوە.

ئەو ڕۆژانەی (جاکی شان) گریانی دەهات لەتاو ئازاری شکانی قاچ و دەستەکانی، وا ئەمڕۆ بەزەردەخەنەوە باسی ئەو ڕۆژانەمان بۆ دەکات،چونکە ئەو پێمان دەڵێت: ڕابردوویەکی ئازاربەخش داهاتوویەکی درەوشاوە دروست دەکات.ئێمەش ئێستا لە هەر بارودۆخێکدا بین دەبێت باوەڕمان وابێت تێدەپەڕێت و دەگەین بەوەی، کە پێویستە پێی بگەین. ئەو کاتەش کەپێی گەیشتین نابێت هەرگیز ئەو ئازارانە لەبیر بکەین، چونکە ئەو ئازارانە ئەو ڕۆژانەیان دروستکرد. بۆیە گەیشتیت بەهەر شوێنێک و هەر پلەیەک ڕابردووت لەبیرمەکە، ئەو هاوڕێیانەت لەبیرمەکە کەلەگەڵت بوون و یارمەتیدەرت بوون.

ئێستا تۆ براوەیت و خاوەنی ئەو ئامانجەی کەدەتویست پێی بگەیت، هەربۆیە لەسەرتۆ پێویستە پارێزگاری بکەیت لەو ئامانجەت.

"
چەند وشەیەکی جوانە کاتێک پێت دەڵێن:

سەرکەوتنت پیرۆز بێت!
"

# دوای سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانج

## گەشتە ڕاستەقینەکە ئێستا دەست پێدەکات

لە کۆتایی فیلمەکاندا هەمیشە کچ و کوڕەکە پێکدەگەن و بەخۆشەویستی و شادییەوە هاوسەرگیری دەکەن، بەڵام دەرهێنەرێک نەهات فیلمێک دروست بکات و پێمان بڵێت :ئەو دوو هاوسەرە ژیانێکی چۆن لەگەڵ یەکتری ژیان پاش ئەوەی هاوسەرگیریان کرد؟ئایە پێکەوە بەخۆشەویستی ژیان و گرفتەکانی بەردەمیان تێپەڕاند؟ یان بەرگەی ناخۆشیەکانیان نەگرت و لەیەکتری جودابوونەوە؟!

هەربۆیە گەشتی ژیانی ئەو دوو مرۆڤە ئەوکاتە دەست پێدەکات، کەبەیەکتری شاد دەبن و پێویستە بەباشی لەوە تێبگەن چ کارێک بکەن و خۆشیان لە چ کارێک بەدوورەپەرێز بگرن. بۆیە گەر کچ و کوڕان دەیانەوێت ژیانێکی بەختەوەرانە بژین، پێویستە بزانن چ ئەرکێکیان لەسەر شانە بەرامبەر یەکتری؟

پیاوێک هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەوە دادەنێت تاوەکو بڕوانامەی پرۆفیسۆری بەدەست بهێنێت، کە ئەوە دواهەمین و بەرزترین بڕوانامەیەکە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت، ئەو کاتە ئەو مرۆڤە بەشێوەیەکی تەواو زانیاری دەبێت لەسەر ئەو بوارەی، کەبۆی خوێندووە و تێکۆشاوە.

ئیدی کاتی ئەوەیە بێتە مەیدان و ئەوەی لە زانست پێی گەیشتووە بەڕاست و چەپی خۆیدا بڵاوی بکاتەوە و بگەڕێت و بیخوێنێتەوە، بەڵام

نابێت ئەوە لەبیر بکات، هێشتا فێرخوازێکە و دەبێت بەردەوام بێت. ئەو مرۆڤە هەڵەیە وابزانێت کاتێک بڕوانامەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە ئیتر ئەو پێویستی بەوە نیە خۆی سەرقاڵ بکات بەخوێندنەوەی کتێب و لێکۆڵینەوەکان، لەمەودوا بڕوانامەکەی فریاد ڕەسیەتی، چونکە ئێمە فێرکراوین کە بەدوای زانستدا ڕابکەین لەسەر بێشکەوە تا سەر گۆڕ.

ئەو یاریزانەی کە دەتوانێک ژمارەیەکی پێوانەی بەدەست بهێنێت، دەبێت چەند ماندوو بوو بێت تاوەکو توانیویەتی ئەو ژمارەیە تۆمار بکات؟

(یوساین بۆلت) دەبێت چەندێک ڕاهێنانی کرد بێت و چەندێک رایکردبێت تاوەکوو توانی ژمارەی پێوانەی بۆ خێراترین مرۆڤ بەدەست بهێنێت؟ کاتێک توانی بەتەنها (٩،٥٥) چرکە توانی ببێتە براوەی ڕاکردنی سەد مەتری!ڕاستە بۆلت براوە بوو، بەڵام گەر بشیەوێت ناوی لە سەرووی لیستەکەدا بمێنێتەوە، دەبێت بەردەوام بێت لە ڕاهێنان و ڕاکردن، بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لەوەی کە دەیەوێت.

بۆیە دەبێت ئێمە بەردەوام بین و نەوەستین.پارێزگاری بکەین لەوەی کە بەدەستمان هێناوە.

یاریزانێک هەبوو بە جادووگەری تۆپی پێ ناسرابوو، باوەڕم وایە تائێستاش هەر جادووگەرەکەی جارانە لە تۆپی پێدا. پارە و ناوبانگ و نازناوی زۆری بەدەست هێنا و بەباشترین یاریزان ناوی دەهێنرا، بەڵام ئێستا ئەو لە نێو ئەستێرەکاندا نابینرێت. ئەو ئێستا لە جیاتی ئەوەی هاوڕێیەتی( میسی و کریستیانۆ ) بکات لەگەڵ ئەوان ببینرێت، لەگەڵ دز و پیاوخراپەکان دەبینرێت لە زیندان و دادگاکان! ئێستا شوێنی ئەو وەکو جاران ڕووناک نیە، بەڵکو تاریکە وەکوو کونجی بەندینخانەکان، ئەوکەسەش (ڕۆناڵدینهۆی بەڕازیلیە!)

ئەو و زۆرێک لە یاریزانانی تر نەیان توانی، تاکۆتایی لەهاوڕێیەتی دابمێنەوە لەگەڵ سەرکەوتن. لەکاتێکدا دەبوو لە گۆڕەپانەکەدا مابانەوە و ئەو توانایانەی خۆیان بۆ جیلێکی تر گواستبایەوە و فێریان کردبان.

کەسانێکی زۆرهەن توانیان سامانێکی زۆر کۆبکەنەوە، بەڵام نەزانینی قەدری هەبوون و سوپاسگوزاری لەترۆپکەی سامانەوە ڕایکێشان بۆ نەبوونی و سواڵکردن.

(عدنان خاشقچی) لەساڵی( ١٩٣٥ز) لە شاری مەککە لە سعوودیە لە دایک بوو، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند، خاوەنی ناوبانگێکی زۆر بوو، بەبازرگانی چەک وتەقەمەنیش ناوبانگی دەرکردبوو لە وڵاتانی عەرەبی و جیهاندا. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەدەوڵەمەنترین پیاوی جیهان دیاریکرابوو،لە ڕاپۆرتێکدا هاتبوو کە خەرجی ڕۆژانەی زیاترە لە ملیۆنێک دۆلار! بەڵام بەهۆی ڕۆچوونی، لە کاری بەدڕەوشتی و کەڵەکەبوونی قەرزێکی زۆر لە کۆتایدا مایەپوچ بوو. تا وای لیهات لە کۆتایدا نەیتوانی پارەی ئەو فرۆکەیەش بدات، کاتێک لەسەر کورسیەکی دەستی گەڕابووە بۆ سعوودیە، بازرگانێک پارەکەی بۆ دابوو. تائەو کاتەی لە لەندەن لە ساڵی( ٢٠١٧ ز )بە مایەپووچی سەری نایەوە. ئەو سامانەی هەموو تەمەنی کاری بۆ پێکهێنانی کرد لە چەند ساڵێکدا لە دەستیدا.

لێرەشدا ئەو وانە مەزنە فێردەبین، کە مرۆڤ بە سوپاسگوزاری دەبێتە خاوەنی زیاتر، بەڵام کاتێک سوپاسگوزار نییە بەرامبەر ئەو خەڵاتانەی خودا پێی بەخشیوە، دەبێت بگەڕێتەوە بۆقۆناغی سفر و هەژاری.

هەربۆیە دەبێت وریابین بەرامبەر دەستکەوتەکانمان. پاریزگاریان لێ بکەین و دووبارە لە پێناو پاراستنیان بجەنگین. دەبێت هەمیشە ئەو ئازارانەمان لەیاد بێت، کە بەو ڕۆژانەیان گەیاندین. گەر ئیمە ئازارەکان لەبیر بکەین. ئەوا دەسکەوتەکانیش ئیمە بەجێدەهێڵن و دەڕۆن.

> ئەڵماس هەرچەندە درەوشاوە بێت، نابێت لەبیری بکات پارچە خەڵوزێک بووە.

## بەردەوامبە و مەوەستە!

خودا ئەرکێکی بە (دڵ) بەخشیوە، کە بریتیە لە بەردەوامی لە لێدان و پاڵنانی خوێن. ئەو کاتەی کە دڵ لەلێدان دەوەستێک کاری خاوەنەکەشی لە سەر زەوی ڕادەوەستێت و پەکی دەکەوێت. بۆیە بەردەوامی ئێمەش پەیوەستە بەلێدانی ترپەکانی دڵمان. تا گوێبیستی ترپەکان بین، نابێت بوەستین.

پزیشکەکان هێڵکاریەکان کێشاوە بۆ ترپەکانی دڵی مرۆڤ، کە بریتیە لە بەرز بوونەوە و نزم بوونەوە و لەگەڵ هێڵێکی ڕاست. تاوەکو ترپەکان بەرز و نزمی بکەن، واتا ئەو دڵە بەردەوامە، بەڵام گەر هێڵەکە ڕاست بوویەوە واتا ئەو دڵە کارەکەی کۆتایی پێهاتووە!

ژیانی ئێمەش بەو شێوەیەیە، کاتێک ئێمە بۆماوەیەک توشی شکستێک دەبین و دواتر سەردەکەوین وەکوو شەپۆلی دەریاکە، کە کەشتی ژیانمان بەرزی و نزمی پێدەکات دڵخۆشین، چونکە لەوە دڵنیان کە کەشتیەکەمان پارێزراوە و بەردەوامە، بەڵام ئەو کاتەی کەشتییەکە دەوەستێت واتا کەشتییەکە کونە و خەریکە خەرق دەبێت و ژێر ئاو دەکەوێت!

بۆیە نابێت کاتێک گەیشتیە لووتکە ئەوە لەبیر بکەیت، کە نابێت بوەستیت، چونکە وەستانت لە لووتکە دەتهێنێتەوە خوارەوە. بۆیە بەردەوام بە، بگەڕێ و شتی نوێ تاقیبکەوە و گەشتی زیاتر بکە و کەسانی تازە بناسە و لێیانەوە فێربە و هەرگیز ئاستێک بۆ خەونەکانت دامەنێ، بەڵکو بهێڵە هەمیشە دەرگای ژیانت بۆ ئامانجی مەزنتر کراوە بێت و لە ئامادەباشیدا بێت، بۆ هەر شتێکی نوێ، کە دەتوانی لەو ڕێگەیەوە چێژ لە گەشتەکەت ببینی. هەروەکو گوتراوە: ئامانجەکەت با هاوڕێیەتی مانگ بێت، خۆ ئەگەر نەش گەیشتی بە مانگ، دڵنیابە هاوڕێیەتی ئەستێرەکان بەدەست دەهێنیت.

مرۆڤیش وەکو ئەوە وایە، لەنێو باخچەیەکدا گەشت بکات، تا بەردەوام بێت گوڵ و داری بەرداری زیاتر دەبینێت و زیاتر لەگەڵ سروشت و ئاوازی مەلەکان تێکەڵ دەبێت، بەڵام ڕەنگیشە لەنێو ئەو باخچەیەدا هەندێک جار دەستی یان قاچی بەر دڕکێک یان دارێک بکەوێت.

"یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی، کە پێویستە درکی پێ بکەین، ئەوەیە بەردەوامی لە گەڕان، هۆکارێکە بۆ بینین و زانینی ئەو شتانەی کەنەمان بینیون و نەمان بیستوون."

**وانەی بەهێز، بڵاوبکەوە!**

ماوەیەک لەمەو پێش سەیری فیلمێکی تێلیگۆیم کرد (تێلیگۆ و بۆلیوود و تامیلی) سێ دیارترین سینەمان لە هیندستان).

لە ناوەڕاستی فیلمەکەدا پرسیارێکی زۆر جوان دەکرێت لە پاڵەوانی فیلمەکە ئەویش ئەوەیە، ئایە دونیا پڕیی بووە لە خۆشەویستی، یان تۆ داناي؟ بەڵێ دەبێت ئێمە هەمیشە لەسەر ئەوە سووربین و هەوڵبدەین وزەیەکی ئەرێنی بدەین بە کەسە نەرێنیەکان، وایان لێ بکەین هەوڵبدەن ژیان جوانتر ببینن و فێریان بکەین ژیان، جگە لە ڕەش و سپی پڕیەتی لە ڕەنگی ناوازەتر و فێریان بکەین، هەوڵبدەن ژیانیان ڕەنگاو ڕەنگتر بکەن بە کاری جوانتر!

ئەو کاتەی لای مرۆڤێک دادەنیشین، یان گوێ بۆ کەسێکی سەرکەوتوو ڕادەگرین کاتێک باسی هیوا و کۆڵنەدانمان بۆ دەکات زۆر هەست بە ئاسوودەی دەکەین.

ئەی بێنە بەرچاوت، تۆ ئەو کەسە بیت ، کە هانی کەسانی تر بدەیت بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر هەوڵ و تێکۆشانەکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، دڵنیام ئەو کات هەستەکە دوو هێندە دەبێت. بۆیە لەو وزەیەی کە بەدەستت هێناوە بی بەخشە بەکەسانی تر و ئەو ڕووناکیەی پێی گەیشتووی بیگەیەنە بە کەسانی تر، بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕێگای خۆیانی پێ ڕووناک بکەن. گرنگ ئەوەیە تۆ بەخشەرێکی ئەرێنی بیت و هەر بەبینینی تۆ کەسانی دەوروبەرت هەست بە متمانە و خۆڕاگری بکەن.

> خۆر، گشت دونیا ڕووناک دەکاتەوە، بێ ئەوەی لە ڕووناکی و نرخی خۆی کەم بکاتەوە.

**سەرکەوتنت، بەرهەمی ئارام گرتن بوو:**

کاپتن سوپاسگوزاری ئەو خودایە بە، کەبەشێوەیەک بەهێزی کردووی، کە بەرامبەر ئازارەکان ئارام بگریت. وە سوپاسی ئەو جەستەیەت بکە، تاوەکو ئێرە بەرگەی هەموو ئەو دڕکانەی گرتووە، کەیەک بەیەک لەسەر ڕێگای سەرکەوتن بەریکەوتوون و ئازاریان داوە.

لە شێستەکانی سەدەیی ڕابردوو، زانایان لێکۆڵینەوەیەکیان کرد لەسەر (٨٠٠ز) منداڵ کە تەمەنیان لەنێوان ٤ بۆ ٦ ساڵاندا بوو.گشت منداڵەکان بردران بۆ هۆڵێک کە مێز و کورسی دانرابوون و لەسەر مێزەکان بۆهەر یەکێکیان پارچەیەک شیرینی (مارشیلۆ) دانرابوو. بەڵام بەمنداڵەکان گوترا : هەریەکێک لە ئێوە توانی ئارامبگرێت بۆ ماوەی (١٥) خولەک و پارچە شیرینیەکە نەخوات، ئەوا دوای ١٥)خولەکەکە بۆی دەکەینە دوو پارچە شیرینی!

پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەکە تەواو بوو( ٦٠٠ )منداڵ ئارامیان نەگرت و شیرنیەکەیان خوارد، بەڵام ٢٠٠ منداڵ ئارامیان گرت دواتر دوو پارچە شیرینیان وەرگرت.

زانایان تێبینیان کرد، ئەو (٢٠٠) منداڵە لە خوێندن زۆر زیرەکتر و نمرەکانیشیان بەرزتر بوون لە ئەوانی تر. ئەوەی جێگای سەرنجە زانایان پاش (٤٠ )ساڵ جارێکی تر چاوێکیان خشاندەوە بەژیانی ئەو (٢٠٠) کەسەدا، بینیان ئەوانە کەسانی زۆر سەرکەوتوون لە ژیان و توانیویانە پێگەی بەرز بەدەست بهێنن لە بەرامبەر ئەو ٦٠٠ کەسەی تر. ئەوان ئارەزووی خۆیان دامرکاندەوە بۆ کاتێکی گونجاوتر. بەکەم ڕازی نەبوون و ئارامیان گرت تاوەکوو ئەو بەشە مەزنەی کەبۆیان دانرابوو بەدەستیان هێنا.

بۆیە لە ژیان گەر بتەوێت شتێکی مەزن بەدەست بهێنیت دەبێت ئارام بگریت. لە کاتێکدا دوو کەس لە گەڵ یەکتری شەڕ دەکەن ئەوەیان براوەیە، کە توانای ئارامگرتنی زیاتر بێت و خۆی نەدات بەدەست ڕکابەرەکەیەوە.

لە جەنگدا هێز چەند گرنگە ئارامی دە هێندە.

(عەنتەری کوڕی شەداد) بەهێزترین پیاوی دورگەی عەرەبی بوو، ڕۆژێکیان پیاوێک لێی پرسی عەنتەر هۆکاری بەهێزی و ناوبانگی تۆ چیە؟

عەنتەر گوتی: پێت دەڵێم، بەڵام با ئێمە شتێک بکەین تۆ پەنجەی خۆت بخە ناو دەمی منەوە و منیش پەنجەی خۆم دەخەمە ناو دەمی تۆ هەردووکمان بەبەهێزی گاز لەیەکتری دەگرین، دوای ئەوەی ئەو کارەیان کرد پیاوەکە هەر زوو هاواری لێ بەرز بوویەوە، ئەو کات عەنتەر ووتی: منیش وەکوو تۆ ئازارم دەچێشت بەڵام من خۆڕاگربووم و هەر ئەوەشە هۆکاری ئازایەتی منە. ئەو کەسەی دەتوانێت بۆ

ماوەیەکی زۆر لەناو بەفراوێکدا بمێنێتەوە، پێی دەڵێن کەسێکی خۆڕاگرە و توانایی ئارام گرتنی هەیە بەرامبەر سەختیەکان. بۆیە ئارامگربە چونکە خودا لەگەڵ ئارامگراندایە.

ئارامگربە، ئازارەکان هەر چەندێک زۆربن، مەهێڵە کەس هاواری شکستی تۆ ببیستێت!

## گرنگ نییە خاوەنی چ شتێکی؟
## گرنگ ئەوەیە چۆن چێژ لەو شتانە دەبینیت!

هاورێیەکەم لات ئاسایی بێت گەر بڵێم ڕەنگە گەر کەسێک، کە پلەی دووەمی بەدەست هێنابێت دڵخۆشتر بێت لەکەسێک کە پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، چونکە دووەمەکە بڕیاریداوە چۆن چێژ ببینێت لە دەستکەوتەکانی، بەڵام یەکەمەکە خاوەنی هیچ بیرۆکەیەک نییە، بۆئەوەی چێژ ببینێت لەوەی بەدەستی هێناوە.بۆیە ژیان و دەستکەوتەکانی خۆت بەهی کەسی تر بەراورد مەکە، چونکە ئەوەی ئێمە بێزار دەکات و ناتوانین چێژ لە ژیان ببینین هۆکارەکەی ئەوەنیە ئێمە خاوەنی هیچ نەبین. نەخێر بەڵکوو بڕیارمان نەداوە. ئەگینا ئێمە خاوەنی شتانێکی زۆرین و سەرکەوتنی زۆریشمان بەدەست هێناوە، تەنها ئەوەندە پێویستە چێژ ببینین لە ژیان.

پیاوێک، کە دوو چاوی نیە گەر سەیربکەیت دەبینیت هەمیشە زەردەخەنە لەسەر ڕوخساریەتی و سەرەڕایی تاریکی پەردەی سەر چاوەکانی، کەچی گشت ڕەنگەکانی دونیا بەجوانی دەبینێت، بەڵام کەسێکیش هەیە خاوەنی دوو چاوی شینی ئاسمانی جوانە! بەڵام گشت شتەکانی دەورووبەری بەتاریکی دەبینێت. نابینیت زەردەخەنەیەک بکات.

ئەو دوو مرۆڤەش ئەوەمان فێردەکەن پێویست ناکات خاوەنی گشت دونیا بین بۆ ئەوەی دڵخۆش بین، ئەوەی پێویستە تەنها ئەوەیە بڕیار بدەین، کە دڵخۆش بین. دڵخۆش بین بە سەرکەوتنی خۆمان و کەسانی تر. دڵخۆش بین کاتێک دە بینین کەسێک زەردەخەنەیەک دەکات کە ئێمە هۆکارەکەی بووین.

> "چێـــژ بینین لە ژیان، جوانترین هونەرێکە، کە پێویستە فێری ببین."

## ڕێگای سەرکەوتن، لەبیرمەکە!

زۆر گرنگە کاتێک سەردەکەویت و دەگەیت بە ئامانج. ئەو ڕێگایە لەبیر نەکەیت، کە پێیدا گەشتی سەرکەوتنت ئەنجامداوە. لەبیری مەکە و یادی بکەوە. یادی هەموو ئەو مرۆڤانە بکەوە، کە یارمەتی دەرت بوون و یادی هەر هەناسەیەکی بای کەنار دەریاکە بکەوە و بیرت لە گەڵ ئاوازی شەپۆلەکان تێکەڵاو بکە. بیربکەوە لە چ شوێنێکەوە دەستت پێکرد و ئێستا گەیشتووی بەچ شوێنێک؟ من ناڵێم برۆ یادی ئازارە ناخۆشەکان بکەوە بۆ ئەوەی دووبارە ئازار بچێژی،من پێت دەڵێم: یادی ئەو ڕۆژانە بکەوە، کە ئێستایان بۆ دروست کردی. بیربکەوە تۆ چ کەسێک بوویت؟

(شارۆخان) بەناوبانگترین و دیارترین ئەکتەری سینەمای (بۆلیوود) هەرکاتێک یادی ڕابردووی دێتەوە یاد دەگریت،چونکە ئەو هێشتاش لەبیری نەکردووە ئەو شارۆخانەی ئێستا بۆتە دەوڵەمەنترین ئەکتەری جیهان، ڕۆژانێک پارەی تەواوی پێ نەبوو، تاوەکو بەشداری بکات لە فیلمی یەکەمیدا، وە ئەو پارەیەی کە لە بەرامبەر نواندنەکەش وەریگرت تەنها بەشی ئەوەی دەکردپێی بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆیان. بۆیە گەیشتی بەهەر ئاستێک لەبیری مەکە لە چ شوێنێکەوە دەستت پێکرد؛ چەند ناشیرینن ئەو مرۆڤانەی شەرم لە ڕابردووی خۆیان دەکەن. ئاخر ناکرێت مرۆڤ شەرم لە ڕابردوویک بکات کە ئێستای بۆ دروستکردویت.

ئەو هاوڕێیانەی یارمەتیدەرت بوون لە بیریان مەکە. هێشتاش دوای ئەو هەموو ناوبانگ و سەرکەوتنانەی بەدەستی هێناوە ( کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ) هاوڕێ منداڵی لەبیر نەکردووە و هێشتاش سوپاسگوزاریەتی و باشترین هاوڕێیەتی کە (ئەلبێرت فرۆنترو)یە و هۆکارەکەی بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کاتێک لە تەمەنی منداڵیدا یاریان پێکەوە کردووە لە یانەی( سپۆرتینگ لیشبۆنە).ئەکادیمیایی یانەی (لیشبۆنە) بەهەموو منداڵەکان دەڵێت: کێ ئەمرۆ زۆرترین گۆڵ بکات ئێمە ئەو وەکوو یاریزان هەڵدەبژێرین؟ دوای ئەوەی یاریەکە دەست پێدەکات، پاش ماوەیەکی کەم (ئەلبێرت)گۆڵی یەکەم ئەنجام دەدات و دواتریش کریستیانۆ گۆڵی یەکەمی خۆی تۆمار دەکات و پێش ئەوەی یاریەکە کۆتایی پێبێت (ئەلبێرت) بەتەنها لە گەڵ گۆڵچی دەمێنێتەوە بەڵام گۆڵەکە ناکات و تۆپەکە بۆ کریستیانۆ دەهاوێژێت و ئەویش گۆڵی دووەم ئەنجام دەدات. بەو شێوەیە کریستیانۆ هەڵدەبژێردێت وەکو یاریزانی یانەی سپۆرتین لیشبۆنە. دوای ئەوە کریستیانۆ لە ئەلبێرت دەپرسێت هۆکار چی بوو بۆخۆت گۆڵت نەکرد و پاست دابەمن؟!

ئەلبێرت دەڵێت: تۆ یاریزانێکی زۆر لە من باشتری. لەو ساتەوە گەشتی ژیانی کریستیانۆ دەستی پێکرد و تاوەکو ئێستا ئەلبێرت وەکو هاوڕێ لەگەشتەکەی لەگەڵی بەردەوامە. هەر بۆیە بەوەفابە لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە باوەڕیان وابوو کە تۆ دەتوانی بەسەرکەوتووی ئەو ڕێگایە ببڕیت.

وەکو مامۆستا لە ڕێگای سەرکەوتن بڕوانە. ئەو ڕێگایە شتانێکی زۆرت فێر دەکات. فێرت دەکات چۆن ئارام بگریت لەسەر ئازارەکان و مامەڵەیەکی دروست بکەی لە گەڵ ڕووداوەکان و ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤەکانت بۆ ئاشکرا دەکات. وە چێژیش ببینی لە ساتە خۆشەکان. وە فێرت دەکات نابێت لە ساتە ناخۆشەکان بێ هیوا بیت و ئومێدەواری ڕۆژێکی جوانتر و باشتر بیت. وە ئەگەر کەوتی هەڵبستیتەوە و بجەنگی لەگەڵ ناخۆشیەکان. ڕێگای سەرکەوتن فێرت دەکات تۆفانی کێشەکان هەر چەندێک بەهێز بێت بۆ ماوەیەکی کاتییە و دەڕوات ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەوەیە، لەو کاتەدا بەهێز بیت و چۆک دانەدەیت و ڕێگە نەدەیت تۆفانەکە کەشتیەکەت وێران بکات،چونکە تۆفان هەر چەندێک بەهێز

بێت لەگەڵ خۆیدا مژدەی سبەیەکی ئارامی پێیە بۆ دەریا، نەورەسەکان دێنەوە و ئاسمانی شین و خۆری گەشاوە.

کاتێک بیر لە ڕێگای سەرکەوتن دەکەیتەوە، ئەوەت بیردێتەوە بۆ چ مەبەستێک کەوتبویتە ڕێ؟

ئەوەش وادەکات بۆ جارێکی تر گەرم و گوڕی و بەهێزی بۆ کارکردن و بەردەوامیت بگەڕێتەوە لەسەر ڕێگای ئامانجەکەت.

> ”ونبوون ئەوەیە، ئەو ڕێگایە لەبیر بکەیت، کە تۆی گەیاند بە مەنـــزڵ.“

## ئایە، ئەوە ئەو شتەبوو، کەتۆ دەتویست؟

کەسانێکی زۆرهەن بەدوای شتانێکدا ڕادەکەن و دەیانەوێت پێی بگەن، بەڵام ئەو کاتەی، کە پێی دەگەن تێدەگەن کە بەدوای شتێکی بێ مانادا ڕایانکردووە و ئەوە ئەو شتە نەبووە، کە ئەوان ویستویانە! ((دەگێڕنەوە جارێکیان مارێک عاشق دەبێت،بەڵام بوێری ئەوەی نییە بچێتە پێشەوە وبەبەرامبەرەکەی بڵێت: خۆشم دەوێیت!

بۆیە ڕۆژێکیان مارێکی هاوڕێی ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێت: بەو شێوەیە نابێت تۆ ئازار بچێژیت و ئەو ئاگادار نەبێت بۆیە بڕۆ قسەی ناو دڵتی بۆ بکە. تائەوەی ڕۆژێکیان مارەکە بوێری پەیدادەکات و دەچێتە پێشەوە، بەڵام کاتێک دەبینێت ئەوەی ئەو عاشقی بووە خۆ مار نیە بەڵکوو (سۆندەیە)!!!)).

ناکرێت، تۆ هەموو ژیانت بۆ ئامانجێک تەرخان بکەیت، کەچی ئەوە دەرنەچێت، کە تۆ دەتەوێت، چونکە تۆ کات و وزەیەکی زۆرت لێدەڕوات. بۆیە زۆر گرنگە بۆ مرۆڤی پەیامدار بزانێت ئامانجەکەی چ شتێکە؟ دەبێت چ شتێکی پێ ببەخشم ئەی ئەو ئامانجە لەبەرامبەردا چیم پێ دەبەخشێت؟

(ئەنجیلا جۆلی) ئەکتەری دیاری هۆلیوود سەرەڕایی ئەوەی سەرکەوتن و خەڵاتێکی زۆری بردەوە کەچی تووشی و نائومێدی و نیگەرانی بوو بوو لە ژیان، تا ئەو کاتەی دەستی کرد بە کاری خێرخوازی و یارمەتی هەژاران و ئاوارەکانی دا لەسەرانسەری جیهان.

هیچ یەکێک لەو خەڵاتانە دڵی (ئەنجیلا جولیان) خۆش نەکرد بەقەد زەردەخەنەی منداڵە هەژارەکان ! هەر ئەوەش وایکرد کۆمەڵێک منداڵ

هەڵبگرێتەوە و ئەرکی بەخێوکردنیان بگرێتە ئەستۆ. لە بەرامبەردا دەوڵەمەنترین پیاوی بەریتانیا خۆی ژەهر خوارد کرد، چونکە دەیگوت: شتێک نەماوە من بەدەستم نەهێنابێت خۆشیەک نەماوە نەم چێشت بێت!

ئازیزم، تۆ بۆ ئەوە ناتەوێت سامانێکی زۆر کۆبکەیتەوە تاوەکو خۆتی پێی بکوژیت، بەڵکو دەبێت بەو سامانەت ڕێگای ژیان و ئاسوودەیی بکەیتەوە بۆخۆت و کەسانی دیکەش.

سەرکەوتنیش سەرکەوتن نییە تاوەکو دڵ و دەروونت ئاسوودە نەکات. گەر تۆ گەیشتیت بەوەی، کە خەونت پێوە دەبینی بەڵام دڵخۆش نەبویت، ئەوە بزانە تۆ بەدوای شتێکی هەڵەدا ڕاتکردووە.

کەسانێکی زۆر هەبوونە ویستویانە بەناوبانگ بن، بۆیە ڕایاندەکرد بەدوای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان خۆیان دەردەخست، بەڵام کاتێک بەناو بانگ بوون هەر ئەوانە خۆیان دەشاردەوە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

ئەوەش باش بزانە هاوڕێکەم بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، پێویست ناکات بەدوای هیچ شتێکدا ڕابکەیت و کاتێکیش سەرکەوتیت پێویست ناکات لەبەر هیچ شتێک ڕابکەیت. ژیریش ئەو مرۆڤەیە ئامانجەکەی خۆشی بۆ بهێنێت نەک خۆشی لێ بستێنێتەوە. هەر بۆیە چ شتێک دڵخۆشت دەکات و ئاسوودەت دەکات ئەوە بکە بە ئامانج و هەوڵی پێگەیشتنی بۆ بدە، چونکە باشترین و گرینترین ئامانج و سەرکەوتنێکیش ئەوەیە کە ئاسوودەی بە مرۆڤ دەبەخشێت و وای لێدەکات خزمەت بکات بە مرۆڤایەتی لە ڕێگەی ئەو ئامانجەیەوە.

> کۆتایی فیلمەکە گرنگە، بەڵام گرنگتر ئەوەیە چێژت بینیبێت لە گشت دیمەنەکانی ناو فیلمەکە.

## لەسەرکەوتنەوە فێردەبین !

ـ کاتێک ترسم هەیە لە کەوتنە ناو کێشەکانەوە، ڕاستەوخۆ وانەی ئەو پیرەژنەیەم بیردەکەوێتەوە کە لە سەرەمەرگیدا فێریکردم کەگوتی: زۆر خۆم ماندووکرد بەبیرکردنەوە لەو کێشانەی کە زۆربەیان ڕویان نەدا.

ـ دەستپێک هەر چەندە بچووک بێت پێناسە نییە بۆ کۆتایەکەی، چونکە کۆمپانیای (کۆکا کۆلا) لەیەکەم ساڵی کارکردنی تەنها (٢٥)شووشەی فرۆشت، کەچی ئێستا یەکەم پڕفرۆشترین کۆمپانیای خواردنەوە گازیەکانە لە جیهاندا.

- دەبێت پارێزگاری بکەیت لەو ڕقەی ناخت بەرامبەر شکست، بۆ ئەوەی هەمیشە لە سەرکەوتن نزیک بین و لە شکست دوور بین.

## كۆتایی من و دەستپێکی تۆ

دەمەوێت سوپاسێکی بێ پایەنت بکەم، لەسەر ئەوەی کاتی خۆت بەخشی بە خوێندنەوەی ئەو پەرتووکە. ئەوەش واتای ئەوەیە تۆ دەتەوێت مانایەک بۆ بوونت هەبێت و ژیانێکی ئامانجدار بژیت.وە هیوادارم ئەو پەرتووکە، ببێتە یارمەتی دەرێکی باش لە ڕێگای ئامانجەکەت و گەرم و گوڕیت پێ ببەخشێت بۆ بەرەو پێشچوون و بەدەستهێنانی ئامانجەکانت.

هاوڕێکەم ئەوەی لێرە نووسراوە و تۆمارکراوە، وەکو نەخشەیەک و ڕێبەرێک وایە ڕێنوێنیت دەکات، بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن. بەڵام ئەوە تۆی بڕیار دەدەیت، دەست پێبکەیت و ڕێگای خۆت دیاری بکەیت. گەر مرۆڤ نەخشەیەکی بدەنە دەست پێی بڵێن: شوێن ئەو نەخشەیە بکەوە دەگەیت، بە گەنجینە. ئەوکات هەڵبژاردنەکە بۆ مرۆڤەکە دەگەڕێتەوە ئاخۆ نەخشەکە هەڵدەگرێتەوە و دوای دەکەوێت بۆ ئەوەی گەنجینەکە بەدەست بهێنێت. یان واز لەنەخشەکە دەهێنێت و گەنجینەکەی ناوێت. چونکە با تۆ خاوەنی نەخشەیەک بیت کە پێت بڵێت تۆ گرانبەهاترین گەنجینە دەدۆزیتەوە بەڵام گەر تۆ کاری پێنەکەیت نەخشەکە وەکوو کاغەزێکی بێ سوود دەمێنێتەوە. بۆیە ئەوەی گرینگیشە ئەوەیە تۆ دەست بەکاربیت و بەکردار بتەوێت خەونەکانت بەدی بهێنی. ئەگینا جەستەیەکی زل و عەقڵێکی ژیر بەبێ کار پێکردن وەکوو شتێکی بێ سوود دەمێنەوە.

بۆیە دەست بەکاربە و بۆ هەموو دونیای بسەلمێنە هێشتا پاڵەوانێک ماوە کە نەتان ناسیوە. هێشتا کەسێک ماوە دەیەوێت بەرەنگاری نارەحەتیەکان ببێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە کەناری ئارامی.

هەر وەکو چۆن هەموو پەرتووکێک دەبێت لە کۆتایدا تەواو بێت و بگەیتە لاپەڕی کۆتایی. ژیانیش بەو شێوەیە ڕۆژێک دێت دەبێت بگەیتە کۆتایی ئەم ژیانەش. بەڵام ئەوەی گرنگە دڵخۆشی بەو ژیانە و شانازی بەهەبونتەوە دەکەیت. لەبەر ئەوەی ژیانی ئێمە پەرتووکەکە و مرۆڤانی دوای خۆمان دەیخوێنەوە. من ناڵێم، لە پێناو خەڵکی ژیان بکە، بەڵکو دەڵێم گەر کەسێک سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی تۆی بینی خۆزگە بخوازێت، بۆ ئەوەی ئەویش پێیان بگات و لە تۆوە فێری کۆمەڵێک زانیاری و وانەی گرنگی ژیان بێت. با لەتۆوە فێربن، هێشتا هیوا ماوە و دەتوانن ئەو خەونانەی کەدەیانەوێت بەدەستی بهێنن. خەونەکەت هەر خەونێکە تکایە واز مەهێنە تاوەکوو دەگەیت پێی و سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت.

# نـــاوەڕۆك

پێشەکی.............................. ٥

**بەشی یەکەم: ڕێگای سەرکەوتـن**.................. ٨

خودنـاسی ؟.............................. ٨

ئامانجت دیاری بکە !.............................. ١٢

گرووپێک دروست بکە:.............................. ١٤

لەسەرەتاوە کۆتایی ببینە !.............................. ١٦

پـێش هەنـگاوی یـەکەم :.............................. ١٩

هەنگاوی یەکـــەم:.............................. ٢٢

ئاگاداری جەستەت بە !.............................. ٢٤

لـە ناو دەریادا.............................. ٢٦

أ - ڕۆژە خـۆشەکـان: .............................. ٢٧

ب - ڕۆژە نـــاخۆشەکـــان:.............................. ٢٨

نموونەی هەستانەوە:.............................. ٢٨

کـەشتـی ڕزگارکـەر:.............................. ٢٩

ئـارەزووی تێکۆشـــان:.............................. ٣٣

شکست، واتای کۆتایی نییە!.............................. ٣٦

ئایە گوێ بۆ قسەی خەڵکی بگرین؟.............................. ٣٨

جۆری یەکەم/ وتە نەرێنییەکان: .............................. ٣٨

جۆری دووەم/ وتە ئەرێنییەکان: .............................. ٣٩

هـێزی هـیوا.............................. ٤٣

تەنها تۆ خۆت ڕزگارکەری خۆتیت! ........................ ٤٥
سەرکەوتن کاری شەو و ڕۆژێک نییە! ........................ ٤٧
ئەو کەسە کێیە، کە پێویستە خۆتی پێ بەراورد بکەیت؟ ........................ ٤٩
کەسێکی تر بە جیهان بناسێنە ........................ ٥٤
گەر دەتەوێت خەونەکەت لەباربچێت، ........................ ٥٩
کارەکانت دوابخە! ........................ ٥٩
ئاستەنگەکان دەستکەوتەکان دروست دەکەن: ........................ ٦١
لە گۆمی بچوکدا، ماسی گەورە ڕاوناکرێت! ........................ ٦٤
ڕێگایەکی نوێ دروست بکە: ........................ ٦٦
پێش ئەوەی تۆ، خۆت بەدەستەوە بدەیت! ........................ ٦٨
هەنگاوێک پێش سەرکەوتن! ........................ ٧٠
ساتی گەیشتن، بە ئامانج! ........................ ٧١

**بەشی دووەم: دوای سەرکەوتن و گەیشتن بەئامانج ........................ ٧٣**

گەشتە ڕاستەقینەکە ئێستا دەست پێدەکات ........................ ٧٣
بەردەوامبە و مەوەستە! ........................ ٧٦
وانەی بەهێز، بڵاوبکەوە! ........................ ٧٧
سەرکەوتنت، بەرهەمی ئارام گرتن بوو: ........................ ٧٨
گرنگ نییە خاوەنی چ شتێکی؟ ........................ ٨١
گرنگ ئەوەیە چۆن چێژ لەو شتانە دەبینیت! ........................ ٨١
ڕێگای سەرکەوتن، لەبیرمەکە! ........................ ٨٢
ئایە، ئەوە ئەو شتەبوو، کەتۆ دەتویست؟ ........................ ٨٥
لەسەرکەوتنەوە فێردەبین! ........................ ٨٧
کۆتایی من و دەستپێکی تۆ ........................ ٨٨